https://www.doi.org/10.31918/twejer.2251.3

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# موتەسەڕیفەکانی هەولێر هەڵوێستی سیاسی و ڕۆڵی ئاوەدانییان (١٩٢٣-١٩٤٥)

د. رسول محمد رسول خەلیفانی

زانکۆی سۆران-فاکەلتی ئاداب

rasoul.rasoul@soran.edu.iq

د. سنور صباح صدیق

زانکۆی سەلاحەدین-کۆلێژی ئاداب

snur.sediq@su.edu.krd

**پوختە**

لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی یەکەم، پاش ئاگربەستی مۆدرۆس لە ٣١-١٠-١٩١٨ لە نێوان بەریتانیا و دەوڵەتی عوسمانیدا. بەریتانییەکان لە ١٠-١١-١٩١٨ بە بێ شەڕ دەستیان بەسەر هەولێر داگرت، لەئەنجامدا داگیرکارەکان بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی پێشووی شارەوانی (ئەحمەد عوسمان)، کە لەدایکبووی ١٨٧٩-١٩٤٦ هەولێرە، توانی ئیدارەیەکی نوێ لە هەولێر دروستبکات، کە جیاواز بوو لەو شێوە ئیدارەیەی لە سەردەمی عوسمانیدا هەبوو، و ناویان نا (جێگری موتەسەڕفییەی هەولێر) کە تا ساڵی ١٩٢٣ هەر بەناو سەر بە موتەسەڕفییەی کەرکووک بوو. لەو ساڵە بەدواوە دوای دەرچوونی فەرمانی پاشایەتیی عێراق، وەکو یەکەم موتەسەڕیفی هەولێر بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٢٧. دواتر ١٠ موتەسەڕیفی تر دامەزران کە تێکڕایان خەڵکی دەرەوەی هەولێر بوون. زۆربەیان خەڵکی شارەکانی کەرکوک، موسڵ و سلێمانی بوون. ماوەی حوکمڕانیان جیاوازە تەنانەت هەبووە کەمتر لە دوو هەفتە لەو پۆستەدا ماوەتەوە، بۆیە شوێنپەنجەی کاریگەریی موتەسەڕیفەکان لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە.

لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک گۆڕانکاریی ڕیشەیی و چارەنوسساز لە جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوویاندا، کە کاریگەرییان لەسەر هەولێر و باشووری کوردستان هەبوو. بێگومان لەو ڕووداوە سیاسییانەدا موتەسەڕیفەکانی هەولێر ڕۆڵێکی کاریگەر و یەکلاکەرەوەیان هەبووە، وەکو دەرکردنی دەسەڵاتی تورکە کەمالییەکان لە ڕەواندز لە ساڵانی سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەم، ڕاپرسی دانانی مەلیک (فەیسەل کوڕی حوسێن) لە ئابی ١٩٢١، هاتنی هەریەک لە سمکۆی شکاک بۆ هەولێر لە پایزی ١٩٢٢ و مەلیک (فەیسەل) لە ساڵی ١٩٢٤، ڕاپەڕینەکانی بارزان لە سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوو، ئەوە لەلایەک. لە لایەکی

ترەوە، لە ڕووی ئاوەدانییەوە لە هەولێر و دەوروبەری چەند گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی ڕوویاندا وەکو دروستکردنی چەندین قوتابخانە، نەخۆشخانە و ڕێگای هاملتۆن... هتد.

**کلیلە وشە:** موتەسەڕیف، موتەسەڕفیە، لیوا، سەرا، داگیرکاریی بەریتانی، سیاسەت، ئاوەدانکردنەوە، ڕاپرسی.

## موتەسەڕیفەکانی هەولێر هەڵوێستی سیاسی و ڕۆڵی ئاوەدانییان (١٩٢٣-١٩٤٥)

### پێشەکی

ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ موتەسەڕیفەکانی هەولێر تەرخانکراوە، لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم لە کۆتایی ١٩١٨ تاوەکو ساڵی ١٩٢٣، کە دەکرێت بە ماوەی ڕاگوزەری ناوزەندبکرێت و بە ڕەسمی بوونی هەولێرە بە موتەسەڕفییە لە هەمان ساڵ تا کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم ١٩٤٥.

ئەگەرچی تا ئێستا ئەوەی ئێمە زانیاریمان هەبێت هیچ لێکۆڵینەوەیەک بەو ناونیشانە نەکراوە، بەڵام چەند توێژینەوەیەک لەسەر هەولێر کراون لەو سەردەمە. بۆیە هەوڵمانداوە تەنها بپرژێینە سەر ئەو ڕووداوە سیاسی و گۆڕانکارییە ئاوەدانییانەی کە لە توێژینەوەکانی پێشووتر باسنەکراون. ئەوەش بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەی کە ئەوان بە جێیان هێشتووە لە لایەک و دووبارە نەکردنەوەی زانیاریی ئەوان لە پێناو نووسینەوەی توێژینەوەیەکی ڕەسەن. توێژینەوەکە دابەشکراوەتە سەر سێ تەوەرەی سەرەکی؛ تەوەرەی یەکەم: تەرخانکراوە بۆ ژیان و

سەربوردەی موتەسرِیفەکان. تەوەرەی دووەم: تیشک خستنە سەر هەڵوێستی سیاسییان لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە. تەوەرەی کۆتایی تەرخانکراوە بۆ: دەرخستنی ڕۆڵیان لە ئاوەدانکردنەوەی هەولێر و دەوروبەری، سەرەڕای ئاستەنگەکان لەو سەردەمەدا پێشخستنێکی زۆریان ئەنجامداوە لە ڕووی ئاوەدانکردنەوە وەک ڕێگاو بان، قوتابخانە، نەخۆشخانە... هتد. لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییانەدا هەولێر لە شارۆچکەیەکەوە بۆتە شارێکی مامناوەند.

لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گرفت و ئاستەنگ بووینەوە، لەوانە کەمیی زانیاری لەسەر زۆربەی موتەسەڕیفەکان کە خەڵکی هەولێر نەبوون دەستکەوتنی زانیاری دەربارەیان کارێکی زەحمەت بوو. بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە پەنا براوەتە بەر ئینسکلۆپیدیا، چاوپێکەوتن، و چەند پێگەیەکی ئەنتەرنێت. هەروەها نەبوونی ئەرشیفی موتەسەڕفییە (سەرا)ی هەولێر پەیوەست بەو سەردەمە، هەرچۆنێک بێت هەوڵمانداوە بە پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە بە پشتبەستن بەو بەڵگەنامانەی کە لە سەردانیکردنی ئەرشیفی نیشتیمانی بەریتانی لە لەندەن .(The National Archives in London) و (دار الكتب والوثائق العراقية في بغداد). کە توانراوە زانیارییەکی زۆری بەڵگەنامەیی بڵاونەکراوە و بڵاوکراوە دەست بکەوێت و ئەم توێژینەوەیان بەهێزتر کردووە. خۆ ئەگەر ئەرشیفی خۆماڵی پەیوەست بەو توێژینەوەیە لە هەولێر دەستبکاوتایە، بێگومان توێژینەوەکە بەهێزتر دەبوو لەوەی کە ئێستا بەردەستە. سەرچاوەیەکی تری ئەو توێژینەوەیە بریتییە لە یاداشتی ئەفسەر و گەورە کارمەندەکانی بەریتانیا لەوانە (های)، (ڤالاس لاین)، و (ئیدمۆندز). ئەگەرچی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان بێلایەن نەبوون، بەڵام زانیاریی ورد و بەسوودیان لەو سەردەمە تۆمار کردووە. ئەگەرچی زۆربەی کەسایەتییە دیارەکانی ئەو سەردەمە لە ژیاندا نەماون، بەڵام چاوپێکەوتن لەگەڵ هەندێک کەسایەتی کراوە کە چەند کەلێنێکی ئەو

توێژینەوەیەی پێ پڕکراوەتەوە. هەروەها یاداشت و کتێبی چەند هەولێرییەک بەکارهێنراون کە لە نێو ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بوون یاخود لە شاهێدحاڵەکانیان تۆمارکردووە، لەوانە (مەولود بێخاڵی – هەولێرم وادیوە و وابیستووە)، (سەعید ناکام- بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام)، (محمود أحمد عثمان- مصابیح وظلمات)، کە یاداشتی کوڕی یەکەم موتەسەڕیفی هەولێرە. هەروەها هەردوو کتێبی (د. مهدی محمد قادر- هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩٣٠؛ هەولێر لە ساڵانی ١٩٢٦-١٩٣٩)، کە دوو لە باشترین کتێبە ئەکادیمییەکانی ئەو سەردەمەن و سوودێکی زۆریان لێوەرگیراوە بۆ ئەنجامدانی ئەو توێژینەوەیە.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە ئەو توێژینەوەیەش بەدەرنییە لە کەم و کوڕی، تەواوی تەنها بۆ خودای گەورەیە.

**ڕێبازی توێژینەوە**

ڕێبازی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی مێژوویی دەربارەی موتەسڕیفەکانی هەولێر لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم تا ساڵی ١٩٤٥، بە پشتبەستن بە زانیاریی بڵاوکراوە و بڵاونەکراوەی ڕەسەن، و شیکردنەوەی ڕووداوەکان بە پێودانگی ئەو سەردەمە بەپێی زنجیرەی کات (Chronologically) و گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە پێی میتۆدی زانستیی مێژوویی.

**ئامانجی توێژینەوە**

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە دەرخستنی وردەکاریی بەشێک لە ژیان و ڕۆڵی موتەسەڕیفەکانی هەولێر، لە ڕێڕەوی ڕووداوە مێژووییەکانی ئەو سەردەمەی کە تەرخانکراوە بۆ ئەم

توێژینەوەیە، پێشکەوتن و گەشەسەندنی شارەکە کە بە هۆی ئەوانەوە لە ڕووی سیاسی و ئاوەدانییەوە ڕوویداوە.

## 1 – دەروازە:

### 1-1 داگیرکردنی هەولێر لە لایەن بەریتانیا لە پایزی ١٩١٨ و دامەزراندنی موتەسەڕیفییەی هەولێر

لە کۆتاییەکانی سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی بە تایبەتی لە ساڵانی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨)، هەولێر قەزایەک بوو سەر بە ویلایەتی موسڵ. دوای ئەوەی جەنگی جیهانی یەکەم لە پایزی ١٩١٨ کۆتاییپێهات، پاش داگیرکردنی کەرکوک لە ٢٥-١٠-١٩١٨ هێزەکانی هاوپەیمانان گەیشتنە پردێ (ئالتون کۆپری)، زۆربەی پاشماوەی هێزەکانی عوسمانی کشانەوە بەرەو دیاربەکر (ئامەد) لە ڕێگای (هەولێر-موسڵ). حاکمی سیاسیی کەرکوک هەواڵی گەیشتنی هێزەکانی بۆ هەولێر گەیاندە (ئەحمەد عوسمان) سەرۆکی شارەوانیی شارەکە، ڕەنگە ئەوەش بە هۆی ئەوەبێت کە زۆربەی فەرمانبەرە کارگێڕی و سەربازییەکانیان شارەکەیان جێهێشتبێت (قادر، ٢٠٠٨، ٧٤). ئەگەرچی هەڵوێستی بەرگریکردن لە لایەن بەشێک لە خانەوادە و عەشیرەتەکانی هەولێر گەڵاڵە بوو (قادر، ٢٠٠٨، ٧٤-٧٥)، بەڵام دواجار لە ١٠-١١-١٩١٨ هێزەکانی هاوپەیمانان بە شێوەیەکی ئاشتیانە دوای ١٠ ڕۆژ لە ئاگربەستی (مۆدرۆس) شاری هەولێریان داگیرکرد (The National Archives, FO 371/4192 Precis of affairs in southern Kurdistan during the Great War) and (lyon, 2002, 27).

هاوشێوەی عوسمانییەکان، دەسەڵاتی داگیرکاری ئینگلیز لە ساڵی ١٩١٩ لەسەر بنەمای ئاینی و مەزهەبی ڕێژەی دانیشتوانی هەولێریان خەمڵاندووە. موسڵمانی سوونە ٩٦ هەزار کەس، جوو ٤،٨٠٠ کەس

مەسیحی ٤،١٠٠ کەس، و ئاینەکانی تر ١،٠٠٠ هەزار کەس واتە کۆی ژمارەی دانیشتوانی هەولێر ١٠٦،٠٠٠ هەزار کەس (Wilson, 1930, 236). بە پێی سەرچاوەیەکی ڕەسەنی تر لە ساڵی ١٩٢٠ لە ٨٠% دانیشتوانی موتەسەڕفییە (پارێزگا-لیوا)ی هەولێر کورد بوون، ئەوانی تر تورکمان، مەسیحی، جولەکە، ژمارەیەکی کەمی عەرەبیشی تێدا بووە (lyon, 2002, 85). بەو شێوەیە زۆرینەی هەولێر کە موسڵمانی سونە بوون و بریتی بوون لە کورد و تورکمان.

دوای ئەوەی هەولێر بوو بە بەشێک لە داگیرکاریی بەریتانیا، کارمەند و کەسایەتییە ناودارەکانی کورد و تورکمانی هەولێر لە سەردەمی عوسمانی، لەسەر کارەکانیان هێڵدرانەوە لە سەردەمی داگیرکاریی بەریتانی. چونکە کارمەند، موتەسرِیف، و قایمقام بۆ بەڕێوەبەردنی ناوچە جیاوازەکانی عێراق پێویست بوون (Longrigg, 1956, 136). بۆ دەوروبەری هەولێر سوودیان لە کوردە دەرەبەگ، ئاغا، و شێخەکان وەرگرت کە وەکو کارمەند، مودیر ناحیە، و قایمقامیان دامەزراندن. ئەوەش بۆ کۆمەڵێک هۆکاری بنەڕەتی دەگەڕێتەوە:- یەکەم؛ لەبەرئەوەی ئەو خانەوادە کورد و تورکمانانە ئەزموونی بەڕێوەبردنیان لە سەردەمی عوسمانی هەبوو، بۆیە بەریتانییەکان ویستیان سوود لەو ئەزموونەیان وەرگرن بە مەبەستی بەڕێوەبردنی دامودەزگاکان. دووەم؛ زۆر لە تورکمانەکان و هەندێک خانەوادەی کورد ویستی گەڕانەوەی عوسمانییان هەبوو، بۆیە دەسەڵاتی بەریتانی کەوتە ڕازیکردنیان بە دامەزراندیان بە کارمەندی باڵا لە شارەکە. سێیەم؛ لە بەڕێوەبردنی قەزا و ناحییەکانی دەوروبەری هەولێر شێخ، ئاغا، دەرەبەگ، و سەیدە کوردەکانیان کرد بە قائیمەقام و بەڕێوەبەری ناحیە. ئەوەش بە مەبەستی دژایەتیکردن و سنووردانان بۆ هەڕەشە و پەلامارەکانی کەمالییەکان هەروەکو (سەید تەهای نەهریی)یان کرد بە قایمەقامی ڕەواندز بە مەبەستی دەرکردنی ئۆزدەمیر (علی شەفیق)(1) (The National Archives, FO 377/7771,

high commissioner Baghdad, Kurdistan, 27, July -1922). یەکێک لەو کەسایەتییانەی هەولێر کە بووە جێگای متمانەی بەریتانییەکان (ئەحمەد عوسمان ئەفەندی) سەرۆکی شارەوانیی شارەکە بوو لە کۆتایی ساڵی ١٩١٨ کرا بە جێگری یاریدەدەری حاکمی سیاسی، (قادر، ٢٠٠٨، ٧٩). بۆ ساڵی دواتر لە سەر پێشنیازی (مستەر بل) حاکمی سیاسیی ئینگلیز لە موسڵ پێشنیازی ئەوەی کرد کە هەولێر بکرێت بە (موتەسەڕفییە) و هەردوو قەزای (کۆیە و ڕەواندز) لەخۆبگرێت، هەریەک لە (کاپتن های) و (ئەحمەد عوسمان) چوونە بەغدا پێشنیازەکەیان خستە بەردەم حاکمی سیاسیی ئینگلیز لە عێراق (سێر ئارنۆلد ویلسن)، ئەگەرچی سەرەتا ڕازینەبوو بەڵام دواتر ڕەزامەندی دەربڕی. بەم شێوەیە هەولێر لە ١-١١-١٩١٩ بوو بە موتەسەڕفییە و (ئەحمەد عوسمان) بوو بە یەکەم موتەسەڕیفی شارەکە (قادر، ٢٠٠٨، ٨٥). ئەوەتا (ئیدمۆنز) ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەرچی هەولێر لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەم بەناو سەر بە موتەسەڕیفی کەرکوک (فەتاح پاشا) بوو، بەڵام لە ڕووی کردارییەوە یاریدەدەری موتەسەڕیف (ئەحمەد عوسمان) تەواوی کارە کارگێڕییەکانی بە شێوەیەکی سەربەخۆ ڕایی دەکرد (Edmonds, 1957, 283). هەرچۆنێک بێت بەریتانییەکان تاڕادەیەک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ مامەڵەیان لەگەڵ (ئەحمەد عوسمان) کردووە و لە زۆربەی سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئەو سەردەمە وەکو موتەسەڕیف ناویان بردووە. هەندێک جاریش، وەکو نیمچە موتەسەڕفیە و سەربە موتەسەڕفییەی کەرکوک ناویان بردووە وەک لە ساڵی ١٩٢١، دواتر بە شێوەیەکی فەرمی لە ساڵی ١٩٢٣ بووە بە موتەسەڕفییەیەکی سەربەخۆ (Longrigg, 1956, 136).

ئەوەتا بەڵگەنامە نەهێنییەکانی بەریتانیا دەریدەخەن، کە وەکو ئەنجامێکی ڕاپەڕینی ١٩٢٠ی عێراق لە ناوەڕاستی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ، دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە میزۆپۆتامیا کۆنفرانسێکیان دەربارەی چەند کێشەیەک بەست، لە نێویاندا ڕێکخستنەوەی پەیکەری کارگێڕیی

میزۆپۆتامیا و باشووری کوردستان، جیاواز لە سەردەمی عوسمانییەکان. زیاتر لە ١٠٠ ئەندام لە پێکهاتەی شێخ و عەشایەری عەرەب، نوێنەرەکانی جوو و کریستیانەکان ئامادەی کۆنفرانسەکە بوون، بەڵام جێگای سەرنجە کە پێکهاتە نەتەوەییەکانی کورد و تورکمان بانگهێشتی کۆبوونەوەکە نەکرابوون. لە کۆبوونەوەیەکدا وەزیری ناوخۆی عێراق لە بەرواری ١٢ی-کانونی یەکەمی ١٩٢٠ خشتەیەکی بۆ ڕێکخستنەوەی سیستەمی کارگێڕی وڵات پێشکەشکرد، کە عێراق دابەشکرا بۆ ١٠ لیوا کە هەریەکەیان موتەسەڕیفێکی بۆ دابندرێت، ٣٥ قەزا کە پێویست بوو قائیمقامی بۆ دابندرێت، ٨٥ ناحیە کە بۆ هەر ناحیەیەک بەڕێوەبەرێک. شایەنی باسە هەولێر لە عێراق بوو بە لیوایەکی کوردی. (The National Archives, 31st December, 1920) کە ئامانج لە دروستکردنی ئەو لیوا (موتەسەڕفییە)یە بریتیبوو لە ڕێکخستنەوەی پەیکەری کارگێڕی، کۆنترۆڵکردنی هۆزە کوردییەکان، پاراستنی ناوچە سنوورییەکان لەگەڵ هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێران، ئەنجامدانی سەرژمێری، بەڕێوەبردنی باشتری ئیشوکاری هاووڵاتیان، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی باشتر و ئاوەدانکردنەوە، وەرگرتنی باج لە جوتیار و پیشەوەرەکانی لیوای هەولێر، و بەسەربازکردن... هتد (عەبدولقادر، ٢٠١٢، ٧١-٩٢).

## ٢- ژیانی موتەسەڕیفەکانی هەولێر ١٩٢٣-١٩٤٦

### ٢-١ ئەحمەد عوسمان بەگ (١٨٧٩-١٩٤٦)

ئەحمەدی کوڕی عوسمان بەگ(2) لە بنەماڵەی مەلای گچکە (کوچک مەلا)ی شاری هەولێرە و لە ساڵی ١٨٧٩ لە شاری موسڵ هاتووەتە دونیاوە (بەسری، ٢٠٠٩، ١٥١)، لە ١٩٠٦ بۆتە ئەندامی دادگای هەولێر و لە ١٩١١ ئەندامی دادگای موسڵ، دواتر سەرۆکایەتیی ئەم دادگایەی گرتووەتە ئەستۆ (الكردي، ٢٠٠٨، ١٦٧).

له نێوان ساڵانی ١٩١٨-١٩٢٣ کە بە قۆناغی ڕاگوزەر (الإنتقالی) دەناسرێتەوە، لەو سەردەمەدا ناوبراو بە کۆمەڵێک پلەی کارگێڕی لە ناو سەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەکانی ئەو سەردەمە تۆمار کراوە (وەک لە بەشی دووەمی ئەو توێژینەوەیە بە تەواوەتی ڕوونکراوەتەوە)، لەوانە سەرۆکی شارەوانیی هەولێر، جێگری موتەسەڕیف، موتەسەڕیف، “Rais Balayidah Ahmad Effendi, and the Turkish Mutesarrif, or Governor.” (Hay, 1921, 119). پارێزگاری ناوخۆ ، (Lyon, 2002, 101). “Local Governor” ساڵانی ١٩٢٣-١٩٢٧ موتەسەڕیفی هەولێر و (١٩٢٧-١٩٣٠) موتەسەڕیفی شاری سلێمانی بووە، پاشان لە ٣٠ی نیسانی ١٩٣٠ تاوەکو ١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٧ دەبێت بە ئەندام لە ئەنجوومەنی پیران و لە حوزەیرانی ١٩٣٩ و تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ تا تشرینی دووەمی ١٩٤٦ بە نوێنەری هەولێر هەڵدەبژێردرێت (عثمان، ٢٠١٢، ١١-٢٣)؛ (بەسری، ٢٠٠٩، ١٥١). (ئەحمەد عوسمان) لە لایەن (های) بە جۆرێک وەسفدەکرێت کە: **((ئەو [ئەحمەد عوسمان] ڕدێنی نییە، و جل و بەرگی ئەورپی دەپۆشێت. ئەو بە تەواو دیموکرات دەناسرێتەوە، لە بەرژەوەندیی خەڵک بە تایبەتی دڵسۆزە بۆ خەڵکی هەژار. هەمیشە دژی ئاغایەکان دەوەستێتەوە))** (Hay, 1921, 118). ناوبراو لە ١٠ی کانونی یەکەمی ١٩٤٦ لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە (عوسمان، ٢٠١٢، ٢٣).

## ٢-٢ عبدالمجید یەعقوبی ١٨٨٣-١٩٦٢

عبدالمجید کوڕی عمر ئاغای ئەحمەد ئاغای یەعقوبییە[3]، لە تورکمانەکانی کەرکوکە، لە کەرکوک لە ساڵی ١٨٨٣ لەدایکبووە، لە ماوەی کاری فەرمانبەری چەندین پۆستی جۆراوجۆری وەرگرتووە، بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩١٨ بووە بە سەرۆکی شارەوانیی کەرکوک. دواتر لە ئایاری ١٩٢٤ بووە بە موتەسەڕیفی شارەکە، لە پۆستەکەیدا ماوەتەوە تا ساڵی ١٩٢٧، دواتر پلەوپایەی زۆری وەرگرتووە، گرنگترینیان موتەسەڕیفی هەولێر لە ١٢ی نیسانی ١٩٢٧ تاوەکو ١٣ی نیسانی ١٩٣٠،

بەڕێوبەری نفوس لە نیسانی ۱۹۳۰، لە تشرینی یەکەمی ۱۹۳۰ کراوە بە سەرۆکی نفوس و تەجنیدی گشتی لە بەغداد (بصری، ۱۹۹۷، ٦٥-٦٦).

لە ژمارەیەک لە شارەکانی عێراق بووە بە موتەسەڕیف وەک (دیالی ۱۹۳۱)، (سلێمانی ۱۹۳۷)، (کوت ۱۹۳۹)، (بەسرە) و (موسڵ ۱۹٤۲)، لە خزمەتکردن بەردەوام بووە تا شوباتی ۱۹٤۲ لەم ساڵەدا گەڕاوەتەوە (کەرکوک) تا ساڵی ۱۹۵۸ لەم شارەدا نیشتەجێ بووە، لێرە بەدواوە بەهۆی دۆخی نالەباری سیاسیی شاری کەرکوکی بەجێهێشتووە و لە بەغداد گیرساوەتەوە، دوای ماوەیەک لە (بەیروت) نیشتەجێ بووە، (لەندەن) دوا وێستگەی نیشتەجێ بوونی عبدالمجید یەعقوبی بووە، هەر لەم شارەشدا لە ۳۰ی تشرینی یەکەمی ۱۹٦۲ کۆچی دوایی کردووە و لە شاری بەغداد بەخاک سپێردراوە (بصری، ۱۹۹۷، ٦٥-٦٦).

### ۲-۳ عبدالحمید عبدالمجید صرصر

ساڵی ۱۸۹۳ لە شاری موسڵ لەدایکبووە، دوای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی کە لە ساڵی ۱۹۱۳ لە خانەی مامۆستایان دەردەچێت، دەبێت بە بەڕێوبەری قوتابخانەی تەلەعفەر، دواتر لە کاتی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەمدا دەچێتە ناو سوپای دەوڵەتی عوسمانی و لە چەند شوێنێکدا لەپاڵ ئەم سوپایە جەنگاوە، تا لە کۆتاییدا چەند ڕۆژێک بەر لە ئاگربەست، لە یەکێک لە شەرەکاندا لەلایەن ئینگلیز دەست بەسەر دەکرێت، دواتر ئازاددەکرێت و دەگەڕێتەوە موسڵ، هەر لەو شارەدا پەیوەندی بە کەرتی پۆلیس دەکات و دواتر دەگوازرێتەوە بۆ کەرتی بەڕێوەبردن (الطالب، ۲۰۰۸، ۱۸۲).

ساڵی ۱۹۲۲ دەکرێت بە قایمەقامی ئامێدی (عمادیە)، ۱۹۲۷ قایمەقامی موسڵ، دواتریش بە وەکالەت دەبێت بە موتەسەڕیفی لیوای موسل، ۱۹۲۸ قایمەقامی قەزای (الحي)، ۱۹۲۸ موتەسەڕیفی لیوای دلیم، لە ۲۰ ئایاری

١٩٣٠ بووە بە موتەسەڕیفی لیوای هەولێر، ١٩٣١ موتەسەڕیفی کەرکوک، ١٩٣٢ موتەسەڕیفی لیوای مەنتەفک، ١٩٣٣ لیوای دیوانیە، لە ١٩٣٥ موتەسەڕیفی لیوای کوت بووە، هەر لە هەمان ساڵدا وەک موتەسەڕیف گواستراوەتەوە بۆ لیوای عمارە (الطالب، ٢٠٠٨، ١٨٢).

لە ڕووی بەڕێوەبەرایەتییەوە کەسێکی توندولێهاتوو بووە، تەنانەت وەک ڕێزگرتنێک بۆ خزمەتەکانی مەدالیای (رافدین)ی لە پلەی (چوار) و جۆری مەدەنی پێ بەخشراوە (الطالب، ٢٠٠٨، ١٨٢)، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە شاری هەولێر (عبدالحمید عبدالمجید) وەک موتەسەڕیفی شارەکە کەسێکی خۆشەویست نەبووە، هەڵوێستی خەڵکەکەش بەرانبەر بەهاتنی و بوونی بە موتەسەڕیفی شارەکەیان نارازیبوون، چونکە هەر لە سەرەتای هاتنی بە جۆرێک مامەڵەی لەگەڵ کەسایەتییە ناودارەکانی شارەکە کردووە کە پێچەوانەی کەسایەتیی ئەمانە بوو. لە هەمانکاتدا داواشی لە فەرمانبەران کرد کە دەبێت هەڵوێستێکی بەهێزیان هەبێت بەرانبەر بە سەرۆک هۆز و کەسایەتی و ناودارانی شارەکە، جێگای ئاماژەپێکردنە موتەسەڕیف خۆشی یەکێک بوو لە کەسایەتییە نەتەوەییە توندڕەوەکانی عەرەب دژ بە بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، بۆیە ناکۆکی لە نێوان موتەسەڕیف و خەڵکی هەولێر دروست بوو لە ئەنجامی ئەم ڕەوشەدا لە ٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٣١ لە پۆستی موتەسەڕیفی لە هەولێر لادەبرێت (قادر، ٢٠١٣، ٧٠-٧٥).

### ٢-٤ جلال بابان ١٨٩٢-١٩٧٠

ناوی تەواوی (جەلالەدین ڕۆستەم لامع بەگی کوڕی ئیسماعیل بەگ)ە، دەگەڕێتەوە سەر بنەماڵەی بابانی)، لە ساڵی ١٨٩٢ لە بەغداد هاتۆتە دونیاوە، دایکی عەرەبە و دەگەڕێتەوە سەر هۆزی (المیاح). لە قوتابخانەی ئامادەیی سەربازی خوێندویەتی، ساڵی ١٩٠٩ چووەتە ئەستەمبوڵ و لە قوتابخانەی جەنگی خوێندویەتی و لە نیسانی ١٩١٢ بە

ئەفسەر دەرچووە، بەشداری جەنگی بەلقان و جەنگی جیهانی یەکەمی کردووە، لە تەمەنی لاویدا کاری بۆ مەسەلەی عەرەبی کردووە، لە کۆمەڵەی (عەهدی نهێنی)دا بەشداری کردووە، دواتر بەشداربووە لە دامەزراندنی پارتی (حرس الاستقلال)ی نهێنی و لەلایەن ئینگلیزەوە گیراوە و دوورخراوەتەوە بۆ دوورگەی (هنجام) لە خەلیج، بۆ ماوەی یازدە مانگ لەم دوورگەیە ماوەتەوە. دوای ڕاگەیاندنی لێبوردنی گشتی ئازادکراوە (بەسری، ٢٠٠٩، ١٩٥-١٩٦).

لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، چەندین پلەوپایەی بەڕێوبەرایەتی وەرگرتووە، لەوانە؛ قایمەقامی سامەرا لە ٢٤ی کانونی یەکەمی ١٩٢١، خانەقین ١٩٢٢، دیلتاوە لە ٩ی تەمموزی ١٩٢٢، دهۆک لە ١٩ی ئابی ١٩٢٥، موتەسەڕیفی لیوای مەنتەفیک (ناسریەی ئێستا) لە ١ی شوباتی ١٩٢٧، موتەسەڕیفی کەربەلا لە ٨ی نیسانی ١٩٣٠ (بەسری، ٢٠٠٩، ١٩٦-١٩٧)، موتەسەڕیفی لیوای هەولێر لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٣٢ تاوەکو ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٣٢ (بێخاڵی،١٩٩٧، ١٨). لە وەزارەتی (ناجی شەوکەت) بووە بە وەزیری دارایی و هاتووچۆ لە ساڵی ١٩٣٢. لە ساڵی١٩٣٣ لە وەزارەتی یەکەم و دووەمی (ڕەشید عالی گەیلانی) کراوە بە وەزیری بەرگری، لە ئازاری ١٩٣٣ تاوەکو ئەیلولی ١٩٣٤ بە نوێنەری هەولێر بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵبژێردراوە، دواتر لە وەزارەتی دووەمی مەدفەعی پایەی وەزیری (مەعاریف)ی پێ دەسپێردرێت لە ساڵی١٩٣٤. پاشان لە ساڵی١٩٣٥ دەبێت بە بەڕێوەبەری گشتیی دارایی و دواتریش بەڕێوەبەری دارایی گشتی و هاتووچۆ، لە ساڵی ١٩٣٧ دەبێت بە ئەندام لە ئەنجوومەنی ئەعیان. لە وەزارەتی نوری سعید لە نێوان ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٠ دەبێت بە وەزیری نیشتەجێکردن و هاتووچۆ (مواصلات و أيشغال)، لە ساڵی ١٩٤١ جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەعیان، لە ساڵی ١٩٤٣ وەزیری نیشتەجێکردن و هاتووچۆ، لە ساڵی ١٩٤٣ وەزیری دارایی، لە ساڵی ١٩٤٤ جێگری یەکەمی

ئەنجوومەنی ئەعیان، لە ساڵی ١٩٤٨ وەزیری نیشتەجێکردن و هاتووچۆ، لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠-١٩٥٨ ئەندامی کارا لە ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوە (بەسری، ٢٠٠٩، ١٩٧-١٩٨).

دوای شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ تووشی نەخۆشی دەبێت و لە بەیروت نیشتەجێ دەبێت تا لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٠ کۆچی دوایی دەکات (الکردی، ٢٠٠٨، ٤٠٩-٤١٠).

**٢-٥ محمود فەخری**

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەدایکبووە، لە تورکمانەکانی شاری (کەرکوک)ە (قادر، ٢٠١٣،٧٦). لە ماوەی ژیانیدا چەندین پلە و پۆستی ئیداریی وەرگرتووە، بۆ نموونە لە ٢٣ی نیسانی ١٩٣١ تا ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٣١ کراوە بە موتەسەڕیفی شاری کەربەلا (الشجیري،٢٠١٩، ٤١٨)، دواتر لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٣١ بووە بە موتەسەڕیفی لیوای عمارە (توشي، ٢٠٠٧)، لە ٥ی تشرینی دووەمی ١٩٣١دا بووە بە قایمقامی تەلەعفەر (الموصل برس،٢٠٢٠)، دواتر لە ١٤ی تشرینی دوەەمی ١٩٣٢ تاوەکو ٢١ی نیسانی ١٩٣٥ موتەسەڕیفی لیوای هەولێر بووە (بێخاڵی، ١٩٩٧، ١٨).

لەو کاتەی کە محمود فەخری موتەسەڕیفی لیوای هەولێر بووە بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی ڕەوشی ناوچەکانی کوردستان شا غازی کوڕی فەیسەڵ لە ١٤ی حوزەیرانی ١٩٣٤ سەردانی لیوای هەولێری کردووە، موتەسەڕیفی هەولێر ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە دانانی ژمارەیەک کەسایەتی بۆ شوێنە کارگێڕییە باڵاکان لە سنووری لیواکەدا (قادر، ٢٠١٣، ٧٧).

**٢-٦ ئەحمەد تۆفیق (١٨٩٩-١٩٦٣)**

ئەحمەد تۆفیق کوڕی تۆفیق بەگ کوڕی محمد ساڵح بەگی کوڕی سلێمان بەگ، دەگەڕێتەوە سەر یەکێک لە بنەماڵە ناسراوەکانی شاری سلێمانی و دایکی لە بنەماڵەی سەرۆک هۆزەکانی پشدەرە، لە ساڵی ١٨٩٩ لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە، لەسەر دەستی مامۆستایانی تایبەت لە موسڵ و کەرکوک و سلێمانی خوێندویەتی، جێگای ئاماژەپێکردنە لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا تۆفیق بەگی باوکی بەسەرکردایەتی عەشیرەتەکانی کوردی لە پاڵ سوپای تورک جەنگاوە لە تەبرێز، مهاباد، بۆکان، لە شەڕی دژ بە ڕوسەکان کوژراوە. دواتریش ئەحمەد بەگ یەکێک بووە لەو کەسانەی داکۆکی زۆری لەسەر گەڕانەوەی ویلایەتی موسڵ بۆسەر عێراق کردووە. لە ماوەی ژیانیدا چەندین پلەی کارگێڕی لە دەوڵەتی عێراقدا وەرگرتووە، لەوانە؛ لە ساڵی ١٩٢٤ بۆ یەکەمین جار دەبێتە ئەندامی ئەنجوومەنی دامەزراندن، لە ئاداری ١٩٢٥ دەبێت بە موتەسەڕیفی سلێمانی و لە ساڵی ١٩٢٧ دەستلەکاردەکێشێتەوە، ساڵی ١٩٣٠ بۆ جاری دووەم دەبێتەوە موتەسەڕیفی شاری سلێمانی تا نیسانی ١٩٣٥ لە پۆستەکەی دەمێنێتەوە (بەسری، ٢٠٠٩، ٢١٥). لە ٢٥ی نیسانی ١٩٣٥ تا ٢٤ی نیسانی ١٩٣٩ بووە بە موتەسەڕیفی لیوای هەولێر (بێخاڵی، ١٩٩٧، ١٨).

لە ساڵی ١٩٤٣ وەک نوێنەری شاری سلێمانی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵدەبژێردرێت، بەڵام هەر لەهەمان ساڵدا دەستلەکاردەکێشێتەوە و لە ٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٣ لە شاری بەغداد کۆچی دوایی کردووە (الکردی، ٢٠٠٨، ٩٢-٩٣).

### ٢-٧ ساڵح زەکی ساحێبقران (١٨٨٦-١٩٤٤)

ناوی تەواوی (ساڵح حسین داود بەگ محمود بەگ)ە، نازناوی (زەکی)یە و لە بنەماڵەی ساحێبقرانە، لە ٦ی مارتی ١٨٨٦ لە شاری هەڵەبجە لەدایکبووە، ساڵی ١٨٩٤ دایکی کۆچی دوایی کردووە و ساڵی دواتریش باوکی کۆچی کردووە، حاجی عوسمان بەگی مامی ئەرکی بەخێوکردنی گرتۆتە ئەستۆ و بردویەتیە لای خۆی بۆ سلێمانی، ساڵی ١٨٩٤ چووەتە قوتابخانەی روشدییەی سەربازی لە سلێمانی و ساڵی ١٨٩٩ خوێندنی قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە و چۆتە ئامادەیی سەربازیی بەغداد و لە ساڵی ١٩٠٢دا تەواوی کردووە، مام و خزمەکانی دوای هەوڵێکی زۆر ڕێگایان پێداوە بچێتە قوتابخانەی جەنگیی ئەستەمبوڵ و لە ساڵی ١٩٠٦ بە پلەی دووەم دەرچووە و قوتابخانەی تەواوکردوە (بەسری، ٢٠٠٩، ١٥٧).

زمانی کوردی، عەرەبی، تورکی، فارسی و فەرەنسی زانیوە، لە ساڵی ١٩٠٧ەوە لە سوپادا خزمەتی کردووە، بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانی کردووە، پلەی سەربازیی بەرزکراوەتەوە بۆ (مقدم)، لە ساڵی ١٩٢١دا لە دیاربکر سەرۆکی هەواڵگریی سەربازیی فەیلەق بووە، هەر لە هەمان ساڵدا خزمەتی سەربازی لە سوپای تورکی جێهێشتوووە و گەڕاوەتەوە عێراق، لە ساڵی ١٩٢٢ بووە بە قایمقامی قەزای ئاکرێ، ماوەیەکی کەم لە پۆستەکەیدا ماوەتەوە (بابان، ٢٠١٢، ٢٨٢)، لەگەڵ پێکهێنانی دووەم حکومەتی کوردی بە ناوی (حکومەتی کوردستانی جنوبی) لە سلێمانی، چووەتە پاڵ شێخ محمودی حەفید و بەڕێوەبردنی (وەزارەتی جەنگ)ی لە حکومەتی کوردی پێ سپێردراوە، دوای کۆتاییهاتنی شۆڕشی شێخ محمود، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٢٥ ناچارکراوە لە بەغداد نیشتەجێ بێت. لە ئاداری ١٩٢٥ گۆڤاری (دیاری کوردستان)ی دەرکردووە کە (١٤) ژمارەی لێ دەرچووە کە بە زمانی عەرەبی و

کوردی و تورکی بووە، هەندێک جار شعریشی نووسیوە لەژێر نازناوی (ئەمیر) (شارەزا،٢٠١٤، ١٢٩-١٣٠).

لە ساڵی ١٩٢٦ بووە بە بەڕێوەبەری ناحیەی (قەزانییە) ئەمەش بە مەبەستی دوورخستنەوەی لە بەغدا و ڕۆژنامەنووسی، دوای ماوەیەک دەگوازرێتەوە بۆ ناحیەی (شارەبان)، کە (شارەبان)یش دەکرتە قەزا ئەویش دەکرێت بە قایمەقامی ئەو قەزایە، دواتریش گواستراوەتەوە بۆ (عەفەک) و دوای ئەویش بۆ (چەمچەماڵ) (بابان، ٢٠١٢، ٢٨٢).

لە ساڵی ١٩٣٠ دەکرێت بە یاریدەدەری یەکەمی کارگێڕیی گشتیی ناوخۆ لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ لە بەغدا، لە ساڵی ١٩٣٣دا دەکرێتە قایمەقامی قەزای کۆیە و ژمارەیەک پڕۆژەی خزمەتگوزاری تێدا جێبەجێدەکات وەک: پڕۆژەی ئاوی پاکی خواردنەوە بەهۆی تۆڕی بۆڕی بۆ ماڵان، لەگەڵ کردنەوەی شەقامێکی سەرەکی لە شارۆچکەکەدا و قوتابخانەیەکی کچان و قوتابخانەیەکی سەرەتایی دووەمی کوڕان، دواتر لە ساڵی ١٩٣٤ کراوە بە قایمەقامی ئامێدی. بە هۆی کەسایەتی و لێهاتوویی لە بەڕێوەبردندا لە ساڵی ١٩٣٥ بووە بە موتەسەڕیفی سلێمانی، لە ١٢ی تەممووزی ١٩٣٦دا گواستراوەتەوە بۆ لیوای (دیالە)، ساڵی ١٩٣٧ بووە بە سەرۆکی تەسویەی زەوی و زار لە کەرکوک، دواتر موسڵ و پاشان ئەعزەمیە لە بەغدا و دواتریش کوت و دیوانیە (بەسری، ٢٠٠٩، ١٥٧).

لە ٢٧ی نیسانی ١٩٣٩ تاوەکو ٢٤ی ئایاری ١٩٤١ دەبێت بە موتەسەڕیفی لیوای هەولێر (بێخاڵی، ١٩٩٧، ١٨)، لە مایسی ١٩٤١ بە خانەنشینی دەستیلەکارکێشاوەتەوە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ جوڵانەوەی ڕەشید عالی گەیلانی، کە ئەم جولانەوەیە کاریگەری لەسەر شاری هەولێریش هەبووە. لە لایەن ژمارەیەک لە خەڵکی شاری هەولێرەوە هێرشکراوەتە سەر سەرای حکومەت و ئوتۆمبێلی تایبەتی

موتەسەڕیف سوتێندراوە، هەوڵی کوشتنی خودی موتەسەڕیفیش دراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ساڵح زەکی ڕێگەی بە پۆلیس نەداوە تەقە لە کەس بکەن، دوای ئەم ڕووداوە خانەنشینکراوە (شارەزا، ٢٠١٤، ١٣٠)، بۆ ماوەی کەمتر لە مانگێک لەلایەن (فایق تۆفیق)ەوە بە وەکالەت کاروباری موتەسەڕیفیەت ڕاییکراوە، تا هاتنی موتەسەڕیفی نوێ بۆ شارەکە، بەڵام زۆری نەخایاندووە لە ساڵی ١٩٤٢دا ساڵح زەکی گەڕێندراوەتەوە سەر فەرمان و کراوە بە (سەرپەرشتیاری کارگێڕی) لە وەزارەتی ناوخۆ لە بەغدا، تاکو ڕۆژی ١٣ی کانونی یەکەمی ١٩٤٤ کۆچی دوایی کردووە، لە گۆڕستانی ئەعزەمییە لە بەغدا بەخاکسپێردراوە (ساڵح، ٢٠٠١، ٧١-٧٢).

**٢-٨ مستەفا یەعقوبی (١٨٩٠-١٩٧٤)**

مستەفا مەزهەر کوڕی عومەر ئاغای ئەحمەد ئاغای یەعقوبییە[4] لە تورکمانەکانی کەرکوکە، لە ساڵی ١٨٩٠ لە شاری کەرکوک هاتۆتە دونیاوە، هەر لەم شارەشدا قۆناغەکانی خوێندنی تەواوکردووە، زۆر شارەزابووە لە هەردوو زمانی تورکی و عەرەبی بە چەندین پلەوپایەی کارگێڕی و وەزیفی تێپەڕیوە.

هەر لە ساڵی ١٩١٠ەوە ناوبانگی دەرکردبوو بە گرنگیدانی بە بواری ئەدەب و ڕۆژنامەوانی تەنانەت لە ساڵی ١٩١٦ گۆڤارێکی بە ناوی (کوکب معارف) بە زمانی تورکی دەرکردووە، کە چوار ژمارەی لێدەرچووە، دواتر چەندین پلەوپۆستی کارگێڕیی وەرگرتووە، لەوانە ساڵی ١٩١٧ جێگری بەڕێوبەری ناحیەی شوان، هەر لە هەمان ساڵدا بووە بە ئەندامی دادگای کەرکوک، لەم پۆستەیدا ماوەتەوە تا ساڵی ١٩١٨ و داگیرکردنی عێراق لەلایەن بەریتانیا (بصری، ١٩٩٧، ٦٦).

لە ساڵی ١٩٢٣ دەکرێت بە بەڕێوبەری ناحیەی (طاووق - داقوق)، دواتر لە ١٩٢٤ – ١٩٢٥ قائیمەقامی چەمچەماڵ، لە نێوان ساڵانی ١٩٢٨-

١٩٣٠ وەک نوێنەری کەرکوک بۆ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵبژێردراوە. دواتر گەڕاوەتەوە سەر کاری کارگێڕی و بووە بە قایمەقام لە ژمارەیەک قەزاکانی باشوری کوردستانی وەک قەزاکانی (کفری، ئامێدی، مەندەلی، شێخان، زاخۆ) (بصری، ١٩٩٧، ٦٧). لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٤١ تاوەکو ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٤١ بووە بە موتەسەڕیفی هەولێر (بێخاڵی، ١٩٩٧، ١٨). دواتر موتەسەڕیفی کوت و دیالی، لە ١٩٥١ بۆ جاری دووەم بووە بە موتەسەڕیفی هەولێر، ساڵی ١٩٥٤ شارەکەی بەجێهێشتووە و لە بەغداد نیشتەجێ بووە، هەر لەم شارەشدا لە ساڵی ١٩٧٤ کۆچی دوایی کردووە.

**٢-٩ مستەفا قەرەداغی (١٨٩٢-١٩٧٢)**

ناوی تەواوی مستەفا محمود قەرەداغییە، لە ساڵی ١٨٩٢ هاتۆتە دونیا، خوێندنی زانستە شەرعییەکانی تەواوکردووە، دەرچووی (قوتابخانەی دادوەرییە) لە ئەستەمبول، ساڵی ١٩١٨ وەک قازیی شەرعی دەستبەکاربووە، لە ساڵی ١٩٣١ بووە بە حاکم لە هەولێر، ساڵی ١٩٣٨ بووە بە جێگری بەڕێوەبەری کارگێڕیی ناوخۆ (الادارة المحلية)، لە ساڵی ١٩٤١ بۆتە موتەسەڕیفی لیوای سلێمانی (بابان، ٢٠٠٩، ٤٧٩). لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ تاوەکو ٣١ی کانونی دووەمی ١٩٤٤ کراوە بە موتەسەڕیفی هەولێر (بێخاڵی، ١٩٩٧، ١٨)، لە ساڵی ١٩٤٤ سەرۆکی تەسویەی مافەکانی زەویوزار بووە، لە ساڵی ١٩٤٨ دووبارە دەبێتەوە موتەسەڕیفی هەولێر، ساڵی ١٩٥٠ موتەسەڕیفی کەرکوک بووە، دواتر خانەنشین بووە و بۆ ماوەیەک کاری پارێزەری کردووە، بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات کتێبخانەکەی بەدیاری بەخشیوە بە (کۆڕی زانیاری کورد)، ڕۆژی ٦ی ئایاری ١٩٧٢ لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە، لە شاری خانەقین نێژراوە (بابان، ٢٠٠٩، ٤٧٩).

**٢-١٠ وەفیق حبیب**

لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لەدایکبووە، لە ماوەی ژیانیدا ژمارەیەکی زۆر ئەرکی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی پێ سپێردراوە. بۆ نموونە بووە بە جێگری موتەسەڕیفی لیوای موسڵ، لە ٢٩ی ئاداری ١٩٣٤ کراوە بە قایمەقامی پشدەر (الذنون، ٢٠٢١)، دواتر لە ٢٩ی شوباتی ١٩٤٠ تاوەکو ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٤٠ کرایەوە موتەسەڕیفی لیوای مەنتەفیک (ناسریەی ئێستا) (عبدالحسن، ٢٠١٥)، دواتر لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٩٤٢ تا ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ کراوە بە موتەسەڕیفی لیوای کەربەلا، (الشجیری، ٢٠١٩، ٤١٨) لە پاشاندا نزیکەی بۆ ماوەی شەش مانگ لە ١٠ی شوباتی ١٩٤٤ تاوەکو ٣١ی تەمموزی ١٩٤٤ بووە بە موتەسەڕیفی هەولێر (بێخالی، ١٩٩٧، ١٨) ئینجا بە موتەسەڕیف گواستراوەتەوە بۆ لیوای کەرکوک بۆ ماوەیەکی کەم لە ساڵی ١٩٤٤دا موتەسەڕیفی لیوای کەرکوک بووە (الحدیدي، ٢٠١٩).

**٢-١١ محمد سعید قەزاز (١٩٠٤-١٩٥٩)**

ناوی تەواوی (محمد سعید مجید أحمد حسن قەزاز)ە، لە ساڵی ١٩٠٤ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، منداڵێکی بچووک بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردووە، (میرزا تۆفیق قەزازی) مامی ئەرکی پەروەردەکردنی (محمد و ئەفتاب)ی خوشکی گرتۆتە ئەستۆ، محمد سعید لە سەرەتادا لە (کتاتیب) لە سەردەستی (خواجە ئەفەندی)[(5)]، دەستی کردووە بە خوێندنی قورئانی پیرۆز، دواتر چووەتە قوتابخانەی روشیدییە، لە ساڵی ١٩١٧ لە قوتابخانەی دواناوەندی دەرچووە، لە ٢٠ی تەموزی ١٩٢٤ بە نووسەر (کاتب) لە بەشی پشکێنەری بەڕێوبەرایەتی دامەزراوە، دواتر بووە بە (نووسەری نهێنی پشکێنەر)ی بەڕێوەبەرایەتی لیوای دلێم (ئەنبار)، بەم پۆستەوە بۆ چەند لیوایەکی تریش گواستراوەتەوە، لە ١٩٢٣ بووە بە بەڕێوبەری (تحریرات) لە لیوای هەولێر و ساڵی ١٩٣٣ لە لیوای

کەرکوک. ئەو خزمەتەی کە لە بەڕێوبەرایەتییەکانی ناوخۆدا پێشکەشی کرد لەلایەک بووە هۆی لێهاتوویی و بەهێزبوونی کەسایەتی. لەلایەکی ترەوە، هۆکاربوون بۆ بەدەستهێنانی پلەوپایەی بەرزتر، لە ١٧ی شوباتی ١٩٣٤ پۆستی بەڕێوەبەری ناحیەی (تکریت)ی پێدراوە، و ١ی ئابی ١٩٤٣ ناحیەی دوزخورماتوو، ٢١ی تەمموزی ١٩٣٥ بەڕێوبەری ناحیەی بازیان و وەکیلی قایمەقامی قەزای گل، ٢٨ی ئابی ١٩٣٥ بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان و وەکیلی قایمەقامی هەڵەبجە، ١ی شوباتی ١٩٣٦ بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە، ١٠ی شوباتی ١٩٣٦ بەڕێوەبەری ناحیەی تانجەڕۆ و وەکیلی قایمەقامی هەڵەبجە، ٢٦ی ئەیلولی ١٩٣٧ قایمەقامی قەزای هەڵەبجە، ٤ی تەمموزی ١٩٣٩ قایمەقامی قەزای زاخۆ، و دواجار لە ٢٥ی شوباتی ١٩٤١ بووەتە قایمەقامی قەزای کفری (البیاتی، ١٩٦٧، ٢٨٨).

شیاوی باسکردنە محمد سعید قەزاز لە ساڵی ١٩٣٦ لەگەڵ (زکیە میرزا تۆفیق ئەحمەد قەزاز)ی کچی مامی هاوسەرگیری کردووە، ساڵی (١٩٣٧) بوون بە خاوەنی کچێک بە ناوی (پەریخان) هەربۆیەش زۆر جار لەلایەن هاوڕێکانیەوە بە باوکی (پەری) ناوزەدکراوە.

لە ئابی ١٩٤٤ کراوە بە وەکیلی موتەسەڕیفی هەولێر، لە هەمانکاتیشدا جێگری بەڕێوەبەری گشتی ناوخۆ بووە، دواتر بووە بە جێگری موتەسەڕیفی لیوای هەولێر و لە ١٧ی ئەیلوولی ١٩٤٤ موتەسەڕیفی لیوای هەولێر، ئەمەش هاوکات بووە لەگەڵ شۆڕشی دووەمی بارزان (البیاتی، ٢٠٠١، ٥٧-٥٩).

لە ٢٣ی مایسی ١٩٤٦ کراوە بە پشکنەری کارگێڕی (مفتیش الاداری) کە سەر بە وەزارەتی ناوخۆ بووە، ٢١ی ئەیلولی ١٩٤٦ موتەسەڕیفی کوت، ٢٥ کانونی دووەمی ١٩٤٨ موتەسەڕیفی لیوای کەرکوک، لە ساڵی ١٩٥٢ بووە بە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی (الشؤون الأجتماعیە) (الحسني، ١٩٦٨، ٣٣٣). لە ٩ی شوباتی ١٩٥٣ بەڕێوەبەری گشتیی

بەندەرەکان، بەهۆی لێهاتوویی لە بەڕێوەبردن و چالاکییەکانی لە ١٨ی ئەیلولی ١٩٥٣ پۆستی وەزیری ناوخۆی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٩٥٤ لە سەر داوای خۆی خانەنشینبووە، بەڵام هەر لە هەمان ساڵدا بۆ جارێکی تر هەمان پۆستی پێدراوە تاوەکو ساڵی ١٩٥٧ لەم پۆستەدا ماوەتەوە، بۆ جاری سێیەمیش لە ساڵی ١٩٥٨ هەمان پۆستی پێ سپێردراوە کە تاوەکو شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ لە پۆستەکەی بەردەوام بووە، لە کاتی شۆرشی ١٤ی تەممووزدا لەلایەن خزم و دۆستانیەوە هەوڵدرا بۆ گواستنەوەی بۆ دەرەوەی بەغدا، بەڵام ئەو سووربوو لەسەر مانەوەی لە شوێنی خۆی، تەنانەت وەڵامەکەی بەم شێوەیە بوو کە **((تەنها خزمەتی عێراق و عێراقییەکانی کردووە زۆر بە دڵسۆزانە بۆیە هیچ مەترسییەک لەسەر ژیانی نییە))**. دواتر بە مەبەستی لێپێچینەوە دەستگیردەکرێت و دەبردرێت بۆ دیوانی وەزارەتی بەرگری (البیاتی، ٢٠٠١، ٨٥، ١٨٢). لە ١٥ی تەممووزی ١٩٥٨ چاوی بە عبدالکەریم قاسم کەوتووە کە پێشتر ئاشنایەتی لەگەڵیدا هەبووە، پێی ڕاگەیاندووە کە دۆخەکە وادەخوازێت بۆ ماوەیەک لەلایان بمێنێتەوە، دوای ماوەیەک بۆ گرتوخانەی (ئەبو غریب) گواستراوەتەوە، لەگەڵ گواستنەوەکەی دووچاری دۆخێکی ناخۆش و ناهەموار کراوەتەوە، بەڵام کەسێکی زۆر ئارامگر و لەسەرخۆ بووە، لە ٢٠ی تەممووزی ١٩٥٨ بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (١٨) دادگای سەربازی باڵای تایبەت (دادگای گەل) دادەمەزرێندرێت و (فاضل عباس المهداوی)[6] دەکرێت بە سەرۆکی ئەم دادگایە، دوای چەند دانیشتنێکی دادگا لەسەر کەیسی قەزاز ژمارەیەک تۆمەتی دەخرێتە پاڵ و بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەردەچێت (الشعب، ١٩٥٩، ٣٧٩١-٣٩٧٩ ، ٤٠٠٢ – ٤٠٣٩) و بڕیارەکەش لە بەیانی ٢٠ی ئەیلولی ١٩٥٩ جێبەجێدەکرێت (الاستقلال، عدد (٢٤٨١)، ١٩٥٩).

## ٣- ڕۆڵی سیاسی و ئاوەدانیی موتەسەڕیفەکانی هەولێر

### ٣-١ ڕۆڵی سیاسیی موتەسەڕیفەکان:

لەو ماوەیەی کە تەرخانکراوە بۆ ڕۆڵ و کاریگەریی موتەسەڕیفەکانی شارەکە کۆمەڵە گۆڕانکارییەکی سیاسیی گرنگ لە جیهان، عێراق، باشووری کوردستان و شاری هەلێر ڕوویاندا. کە ناکرێت ڕۆڵ و کاریگەریی موتەسەڕیفەکانی هەولێر نادیدەبکرێت، چونکە بەشێک لەوان ڕۆڵێکی کاریگەر و یەکلاکەرەوەیان هەبوو لەو ڕووداو و گۆڕانکارییە سیاسییانەی کە لە هەولێر و دەوروبەری ڕوویانداوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان ڕۆڵیان نەبووە لە گۆڕانکارییە سیاسییەکان ڕەنگە ئەوەش بەهۆی کورتیی ماوەی فەرمانڕەوایەتییان یاخود ڕوونەدانی هیچ گۆڕانکارییەک لە سەردەمی حوکمڕانیاندا بێت.

لەساڵی ١٩٢٠ گەلی عێراق دژی داگیرکاریی بەریتانی ڕاپەڕین، لە هەولێریش چەند عەشیرەتێکی کوردی دژی ئینگلیز ڕاپەڕین بە تایبەتی عەشیرەتی سورچی لە دەشتی هەریر و قەزای ڕەواندز، کە زیانێکی زۆریان بە بەریتانییەکان گەیاند و (کاپتن های) لە گەلی عەلی بەگ بە زەحمەت لە دەستیان دەرچوو. بۆیە (سێر ئارنۆلد ویلسن) لە بەغداوە بە فڕۆکەیەک دێتە هەولێر، لەگەڵ ئاغا و ناودارانی کورد لە شارەکە کۆدەبێتەوە کە داوای پاراستنی هێمنی و ئاسایشیان لێ دەکات بە پێچەوانەوە، ڕووبەڕووی توندترین سزا دەبنەوە، (ئەحمەد ئەفەندی) و (خورشید پاشا) بە ناوی ئامادەبووانەوە داوا لە ناوبراو دەکەن کە ئامادەن هاوکاریی بەریتانییەکان بکەن، بە مەرجێک دەسەڵاتی تورکەکان نەگەڕێتەوە و نەیانخەنە ژێر حوکمی عەرەب. دووەمیش ناردنی دەستبەجێی هێزێکی سەربازیی ئینگلیز بۆ هەولێر (ویلسن، ١٩٧١، ١١٩-١٢٠).

له هاوینی ١٩٢١ له ڕاپرسییەکی ڕووکەشیدا، خەڵکی تەواوی عێڕاق دەنگیاندا بە مەبەستی هەڵبژاردنی (فەیسەلی کوڕی حوسێن) وەکو یەکەم مەلیکی وڵاتەکە. کورد چەند هەڵوێستێکی جیایان نواند، کە بەم شێوەیە بوو کەرکوک بە نەخێر دەنگیدا، سلێمانی بەشداری نەکرد، هەولێر و دهۆک بە مەرجی وەرگرتنی چەند مافێکی سیاسی و کارگێڕی دەنگیاندا لە بەرژەوەندی (فەیسەلی کوڕی حوسێن). بنەماڵەی (ئەحمەد عوسمان) ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە سەرخستنی پڕۆسەکە، بە ڕازیکردنی خەڵکی هەولێر بە دەنگدانیان بە بەڵێ بۆ (فەیسەلی کوڕی حوسێن) وەک یەکەم مەلیکی عێراق (قادر، ٢٠٠٨، ١٣١). بەم جۆرە لە ٩٦% خەڵکی عێڕاق لە بەرژەوەندی ناوبراودا دەنگیدا. ئەوەبوو لە ٢٣-٨-١٩٢١ ئاهەنگی تاجلەسەرنانی (فەیسەلی کوڕی حوسێن) وەکو یەکەم مەلیکی عێراق بەڕێوەچوو. نوێنەری هەموو موتەسەڕفییەکان ئامادەبوون جگە لە سلێمانی و کەرکوک (Gertrude, 2004, 276). لە ئاهەنگەکە لەسەر داوای سەرۆک وەزیرانی عێراق (عبدالرحمان گەیلانی) نوێنەری هەولێریش (عبدالله پاشا ئەلنەقیب) بەشداربوو. ئەگەرچی بەڵێنی پێدانی وەزیری ئەوقافی پێدرا بەڵام بە هۆی نەخۆشی و دواتر مردنی نەیتوانی ئەرکەکەی جێبەجێ بکات. بەم شێوەیە قۆناغێکی نوێ لە مێژووی نوێی عێراق دەستپێیکرد، کە کوردەکانی پێوەلکێندران. ئەگەرچی بە پێی ماددەی (٦٢) ی پەیمانی سیڤەر مافە نەتەوەییەکانیان پێدرابوو (قادر، ٢٠٠٨، ١٣٢-١٣٣). موتەسەڕیفەکانی هەولێر بە هاوبەشیی ئەفسەرێکی سیاسیی بەریتانی شارەکە و دەوروبەریان بەڕێوەدەبرد کە ئەرکیان ڕاوێژکاری، پشتگیری و هاندان بوو لە کاتی پێویست (lyon, 2002, 92-93). بەڵام لە ڕاستیدا قسەی کۆتایی و یەکلاکەرەوە لە زۆربەی کاروبارە سەربازی، کارگێڕی، ئابوری و کۆمەڵایەتی، لای بەریتانییەکان بوو، تەنانەت ئەفسەرانی بەریتانی دەسەڵاتێکی ڕەهایان پێ بەخشرابوو، گەر پێویستی بکردایە بۆ دەستگیرکردنی کەسایەتییەکی سیاسی یان سەرۆکعەشیرەتێک، ئەوەش بە مەبەستی دوورخستنەوەی موتەسەڕیف لە ڕقوکینەی

خانەوادەی گیراوەکان. زیاتر لەوەش دەسەڵاتی پۆلیس بە دامەزراندنیشیانەوە لە دەستی ئەفسەرانی سیاسی، سەربازی، و فڕۆکەوانی بەریتانیدا بوو (lyon, 2002, 93-94). بەڵام هەندێک جاریش خەڵکێکی کەم ئامادەبووینە چەک هەڵگرن بە مەبەستی خزمەتکردنی دەسەڵاتی ئینگلیز، چونکە گومانیان هەبووە لەوەی کە کارێکی حەڵاڵ بێت. بە نموونە لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی بیستەم کاتێک ئینگلیز یەکەم کەمپەینی بەسەربازکردنی کوڕانی لە هەولێر ڕاگەیاند. سەرۆکخێڵە کوردییەکان کورەکانیان نەناردووە بۆ ناو سوپا، بەڵام (مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی)(7) ئامۆزای موتەسەڕیف (ئەحمەد ئەفەندی)، فەرمانی بە کوڕەکانی خۆی کردووە کە پەیوەندی بکەن بە سەربازگەکە، دواتر خەڵکی تر بە لێشاو پەیوەندنییان پێوە کردوون (lyon, 2002, 92).

وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا ئۆزدەمیر (علی شەفیق) لە سەرەتای هاوینی ١٩٢٢ بە هێزێکی ڕاهێنراوەوە گەیشتە ڕەواندز. لەوێوە سەرنجی سەرۆک هۆزە ڕاپەڕیوەکانی هەولێر و ناوچەکانی تری باشووری کوردستانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و دەستی کرد بە نامە ناردن و پەیوەندیکردن پێیانەوە، ئەمەش بە مەبەستی گەڕانەوەی دەسەڵاتی تورک و دەرپەڕاندنی ئینگلیز لە ناوچەکە. دوو لەو سەرۆک هۆزانەی دزەیی دەشتی هەولێر کە کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو پڕوپاگندەیە (ئەحمەد پاشا)(8) و (حاجی پیر داود) بوون. (ئەحمەد ئەفەندی) نەیویستووە خۆی ڕووبەڕوویان بووەستێتەوە چونکە هەستی کردووە کە کێشەی کۆمەڵایەتیی بۆ دروستدەبێت لەگەڵ ئەو ئاغایانەی کە لە نێویاندا ژیاوە، بە جۆرێک وەسفی (ئەحمەد پاشا)ی کردووە کە ((**نموونەی سەرۆکێکی زۆربلێ و دەنگ گەورەی دڵڕەق و توندوتیژ بوو**)) (lyon, 2002, 101). بۆیە پلان داندراوە بە بانگەشە (دەعوەت) کردنیان بۆ بارەگای موتەسەڕفییە

(سەرا) ئەگەرچی پێشوازی لێکردوون بەڵام دواتر ڕەوانەی لای حاکمی سیاسی (لاین) کراون، پلانەکە جێبەجێکراوە و گیراون لەوێوە بە زرێپۆش بەرەو موسڵ و دواتر بۆ ماوەی ١٨ مانگێک بۆ فەلەستین نەفی کراون. بەم هەنگاوەش کەش و هەوای سیاسیی هەولێر ئارامکراوەتەوە، دوای ئەوەی کە ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیا کراوە و ویلایەتی موسڵ دراوە بە عێراق لە ساڵی ١٩٢٦ هەردووکیان لە تاراوگەوە گەڕێندراونەتەوە هەولێر (lyon, 2002, 101-103). بەوەش دەردەکەوێت کە (ئەحمەد ئەفەندی) کەسێکی سیاسیی دلسۆزی ئینگلیز بووە هەر وەک (کاپتن های) دەڵێت: **((من متمانە بە ئەو [ئەحمەد عوسمان] دەکەم لە هەموو بارودۆخێکدا، و هەرگیز خیانەت ناکات ... هتد))** **((I confided in him [Ahmed Othman] on all occasions, and was never deceived….etc.))** (Hay, 1921, 119).

دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٢٢سمکۆی شکاک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەڵهاتە باکووری کوردستان، بەڵام دەسەڵاتدارانی کەمالی لەناکاو شەوێک هێرشی دەکەنە سەر و چەند ئەندامێکی خێزانی دەکوژن و کوڕێکی بە بارمتە دەگرن، خۆشبەختانە خۆی ڕزگار دەکات و لەدەستیان ڕادەکات بۆ لای سەید تەهای نەهری لە ڕەواندز (بورزوویی، ٢٠٠٥، ٢٢٨). دواتر لە پایزی ١٩٢٢ بە مەبەستی دیدەنیی دەسەڵاتدارانی ئینگلیز و کورد سەردانی هەولێر دەکات. یەکەم موتەسەڕیفی هەولێر (ئەحمەد عوسمان ئەفەندی) لەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلیز دیارترینیان (ڤالاس لاین) و (ئیدمۆندز) لە ٦ تشرینی دووەمی ١٩٢٢ پێشوازییان کرد لە سمکۆی شکاک لە گوندی (دێرە)ی نزیک بەستۆڕە و بەحرکە ئەو کاتە نزیکەی ٣٢ کیلۆمەترێک لە هەولێر دوور بووە (lyon, 2002, 111). بە پێی دانپێدانانی (لاین)، ئینگلیز نیازی خراپیان هەبوو، ئامانج لەم دیدارە تۆڵەکردنەوەی خوێنی (مار شەمعون)ی سەرکردەی ئاشوورییەکان بوو،

که له لایەن (سمکۆ) و شۆڕشگێڕە شکاکییەکانی تر (مار شەمعون) و پاسەوانەکانی دەکوژرێن لە ١٧-٣-١٩١٨ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سردشتی، ١٩٩٩). مەبەستی بەریتانییەکان لە پلانی تیرۆرکردنی (سمکۆ) ڕازیکردنی دڵی مەسیحییە ئاشوورییەکان و تەواوی مەسیحییەکانی عێراق بووە کە ئەوکاتە بە ٤٠ هەزار خەمڵێندراون. پاش گفتوگۆیەکی سارد و گوماناوی پتر بە زمانی فارسی لە ماڵی (ماجید ئاغا)ی گەردی. دواجار قناعەت بە (سمکۆ) دەهێنن، کە لە هەولێرەوە بەرەو موسڵ دواتر بەغداد بگوازرێتەوە. پلانەکە بە جۆرێک بووە لە کاتی گەیشتنی (سمکۆ) و (سەید تەها) بۆ فڕگەی هەولێر کە ئەوەی یەکەم بێزار و دووەم زۆر خۆشحاڵ. وەک (لاین) دەڵێت: **((بەهەرحاڵ، کاتێک وتووێژ کۆتاییهات سەید تەها تا دوا ئاست لەباربوو بەڵام سمکۆ بە بێزارییەکی گەورەوە ئامادەیی دەربڕی لەگەڵمان بێت. دواتر لەسەر ئەو بنەمایە ئێمە لە مەفرەزەکە جیابووینەوە و بە ئۆتۆمبێل ڕێگامان گرتەبەر، چەند مایلێک لە ڕۆخی چەمی بەستۆڕەوە بە ئاراستەی هەولێر دووربووین، ئەحمەد ئەفەندی موتەسەرفی هەولێرمان بەجێهێشت تاکو پاسەوانی میوانەکانی بکات. لەو ڕۆژەدا نەمزانی چی ڕوویدا، لە کاتێکدا سمکۆ بۆنی ئەوەی کردبوو کە ئاشوورییەکان لە فڕۆکەخانەکەن، یاخود لەناکاو درکی بەوە کردبوو کە دژی ئەو قسە دەکرێت و سزایەکی یەزدانی دەکرێت بۆ یەکەمجار ببێتە شتێکی بنیاتنەر لە ژیانییدا، پاش ئەو ئاکامگیرییە، بە هەرحاڵ سێ مایلێکمان مابوو بۆ هەولێر، سمکۆ فڕۆکەکانی بینی نیشتنەوە سەرزەوی، هەربۆیە پشتی تێکردین و ڕووی ئەسپەکەی بە ئاراستەی سنوور وەرگێڕا، جگە لە ئەحمەد ئەفەندی کەس نەبوو بڵێت سمکۆ دڵی گۆڕی، هەروەها هێنری دۆبسن و من زۆر بێئومێد بووین))** (lyon, 2002, 112) لێرەدا دەردەکەوێت (ئەحمەد عوسمان) بەشداری پێکراوە لە پێشوازییە مەراینەکە، گفتوگۆ و ڕازیکردنی تاوەکو بهێتە هەولێر، و تەنها ئەو زانیویەتی کە (سمکۆ) پەشیمان بۆتەوە لە هاتنی بۆ هەولێر و لەدەستیان ڕایکردووە.

لە دەرپەڕاندنی ئۆزدەمیر لە ڕەواندز (ئەحمەد عوسمان) ڕۆڵی دەبێت، بەڵام وادەردەکەوێت پەیوەندیی باشی لەگەل (سەید تەهای نەهری) نەبێت، بۆیە دژی دانانی ناوبراو دەبێت وەکو قایمەقامی شارۆچکەکە (Edmonds, 1957, 326). هەرچەندە دواتر بەشێک لە کاربەدەستانی ئینگلیز گوێی بۆ ناگرن و (سەید تەهای نەهری) دەکەن بە قایمەقامی شاری ڕەواندز چونکە ڕۆڵێکی گرنگی سەربازی و سیاسیی هەبوو لە بەدەرنانی (ئۆزدەمیر) لە شارۆچکەی ڕەواندز. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ناوبراو زۆرجار لە بەرەی بەرژەوەندیی خەڵکی هەژار، هەمیشە دژی دەرەبەگ و ئاغاکان بووە و بەرانبەریان وەستاوەتەوە (Hay, 1921, 118-119). ڕەنگە ئەوەش پەیوەندی بە ململانێی دەسەڵات و جیاوازی نێوان شار و دێهات هەبێت کە ئەو خەڵکی هەولێرە و (سەید تەها)ش دەرەوەی شار.

دوای ئەوەی لە پەیمانی لۆزانی ١٩٢٣ زۆربەی کێشەکانی نێوان بەریتانیا و تورکیای کەمالی یەکلاکرانەوە و لەسەری ڕێککەوتن، تاکە کێشە کە لەسەری ڕێکنەکەوتن بریتیبوو لە ویلایەتی موسڵ کە ڕەوانەی کۆمەڵەی نەتەوەکان کرا (Shields, 2009, 219). بەر لە هاتنی لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان وەکو ئامادەکارییەک، لە ١٩ی کانونی یەکەم ١٩٢٤ مەلیک (فەیسەلی کوری حوسێن ١٨٨٣–١٩٣٣) بۆ یەکەم جار سەردانی شاری هەولێر دەکات بە مەبەستی ئاگادار بوون و چاوپێکەوتنی پیاوماقوڵان و سەرۆکهۆزەکانی شارۆچکەکە تاوەکو قناعەتیان پێ بهێنێت و دەنگ بدەن بە مانەوەیان لە چوارچێوەی عێراق. (ئەحمەد عوسمان) ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لە پێشوازیکردنەکە، بە ڕێزکردنی قوتابییان و وتنەوەی سروودی نیشتیمانی، لەبەرکردنی جلوبەرگی دێدەوانی لە سەر ڕێگای موسڵ چونکە مەلی فەیسەل لە موسڵەوە هاتە هەولێر، دواتر کەژاوەی سەیارەکانی دەگاتە سەرای شارۆچکەکە و لە لایەن موتەسەڕیف، سەرۆکهۆزەکان، پیاوماقولان و پیاوانی ئاینی پێشوازی

لێدەکرێت. شەویش مەلیک دەچێتە گوندی باداوا لە ماڵی مەلا ئەفەندی میوان دەبێت (قادر، ٢٠٠٨، ١٥٤-١٥٥).

لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٥ گەیشتنە هەولێر، بە مەبەستی دیاریکردنی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی هەولێر لەگەڵ عێراق یاخود تورکیا، وەرگرتنی ڕای خەڵک بە ئاراستەکردنی چەند پرسیارێک لەوانە: (نەتەوە، ئاین، پیشە، گواستنەوە، بازاڕی کڕین و فرۆشتن) بە مەبەستی دەستنیشانکردنی داهاتوویان کە ئارەزوویان بە لکاندن بە دەوڵەتی عێراق یان چوونە پاڵ تورکیای کەمالی (Edmonds, 1957, 402). لێرە بەدواوە ڕۆڵی موتەسەڕیف (ئەحمەد عوسمان) بە زەقی لە ڕازیکردنی خەڵکی هەولێر بە دەنگدان لە بەرژەوەندیی مانەوە لەگەڵ عێراق. ئەوەتا دەوڵەتی عێراق لە ڕێگەی وەزیری ناوخۆ کەوتەخۆ تاوەکو خەڵکی هەولێر لە بەرژەوەندیی چوونە پاڵ عێراق دەنگ بدەن. بۆ ئەو مەبەستە لە ٤ی شوباتی ١٩٢٥ نووسراوێکی نهێنی بۆ موتەسەڕیفی موسل (عبدالعزيز قصاب)[9] کرد کە بە بەردەوامی پەیوەندی بە (ئەحمەد عوسمان)ی موتەسەڕیفی هەولێر بکات تاوەکو لە کارەکانی لیژنەکە ئاگاداریان بکاتەوە، (ئەحمەد عوسمان)یش ڕۆڵی خۆی گێڕاوە، بە وشیارکردنەوە و ڕازیکردنی پیاوماقوڵان و سەرۆک عەشیرەتەکان لە چۆنیەتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی لیژنەکە تاوەکو لەگەڵ عێراق بمێننەوە، لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەکە لە ٣ی ئەیلول ١٩٢٥ ئەو کارەی موتەسەڕیفی هەولێر لە لایەن (رشدی بەگ) نوێنەری حکومەتی تورکیا لە کۆمەڵەی گەلان ڕەخنەی لێگیرا بە پێشێلکاری کاری لیژنەکەی دانا (قادر، ٢٠٠٨، ١٦٥). تەنانەت لە کاتی کارکردنی لەگەڵ تیمی لیژنەکە زۆر بە پەرۆشەوە پرسیاری لە ئینگلیزەکان کردووە کە ئەگەر دووبارە بگەڕێنەوە ژێر دەستی تورکەکان، دەبێت چارەنووسی کریستیان و جوولەکەکان چی بەسەربێت؟ (لاین) و تیمی ئینگلیزەکانیش وەڵامیان داوەتەوە و دڵنیایان

کردۆتەوە کە ئەوان بە شەڕ ئەو ناوچەیان کۆنترۆڵ کردووە و جارێکی تر ناهێڵن تورکەکان بگەڕێنەوە (lyon, 2002, 146-149).

لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ساڵی ١٩٢٥، دوای ئەوەی بڕیاریدا کە ویلایەتی موسڵ بلکێندرێت بە عێراقی عەرەبیەوە، چەند ڕاسپاردەیەکی دایە حکومەتی عێراق و داگیرکاری بەریتانی کە پێویستە کارمەندەکانی ویلایەتەکە لە نێویاندا (هەولێر) کورد بن و زمانی ڕەسمی خوێندن، دادگا، و نامەبەری دەزگا حکومییەکان کوردی بێت (League of Nations, 1925, p 89).

لە ساڵی ١٩٣٠ ئینگلیز کەوتە گفتوگۆ لە گەڵ عێراق، بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە (ڕژێمی ئینتیداب) پێدانی سەروەری و بوونی وڵاتەکە بە ئەندام لە کۆمەڵەی نەتەوەکان، بەستنەوەی عێراق بە بەریتانیا لە ڕێگای مۆرکردنی ڕێککەوتنێکی لاسەنگ، ئەوە بوو ڕێککەوتنەکە لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠ مۆرکرا، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتییەکی ئۆتۆنۆمی بکرێت، لە ناوچە کوردییەکان (جیاوک، ٢٠٠٨، ٨٨). خەڵکی کوردستان بە گشتی کەوتنە ناڕەزایی و ڕازینەبوون بە بەستنەوەیان بە عێراق و داواکردنی مافە بنەڕەتی و چارەنوسسازەکان بۆ گەلی کورد. ئەوەتا لە هاوینی ١٩٣٠ (مەعروف جیاوک ١٨٨٥–١٩٥٨) بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لە بەغداوە، دەگەڕێتەوە هەولێر وەک دەڵێت **((چووم بۆ هەولێر لەوێ بووم بە میوانی خوالێخۆشبوو "مەلا فەندی لە کۆشکی خۆی لە گوندی باداوە". ڕۆژی دووەم چوومە ناوشار و تەماشامکرد کەش و هەوای شار بارگاویی [مەبەستی تورە و شڵەژاوی سیاسی]، لاوان و قوتابیان لەناوخۆیاندا دەچرپێنن. کە پرسیارم کرد تێگەیشتم کە هۆکاری ئەم هەڵچوونە ئەو پەیماننامەیەیە کە لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠ لە نێوان عێراق و ئینگلیز گرێدراوە و هەرگیز باسێکیش لە پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتییەکی سەربەخۆ، بەپێی بڕیاری کۆمەڵی گەلان، بۆ کوردستان ناکا. ئەوانیش هەروەکو ئەو "مەزبەتانە"ی تر کە لە**

**سلێمانی لەلایەن کۆمەڵەی نیشتیمانییەوە نووسران، مەزبەتەیان پێشکەش کردووە))** (جیاوک، ٢٠٠٨، ٨٨). شایەنی باسە مەزبەتەکەیان داوە بە (ئەحمەد عوسمان)ی موتەسەڕیفی پێشووی هەولێر تاوەکو بیگەیەنێت بە مەندوبی سامی بەریتانی، بەڵام ناوبراو خەمساردیی کردووە لە گەیاندنی مەزبەتەی خەڵکی هەولێر بە ئینگلیزەکان و داواکارییەکانی پشتگوێخستوون (جیاوک، ٢٠٠٨، ٨٨؛٩٣). تەنانەت کار گەیشتە پێکدادان و خوێنڕژان لە ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ لە سلێمانی، خەڵکی هەولێریش بۆ دەربڕینی هاوسۆزی و پاڵپشتی بە ڕاپەڕینەکەی سلێمانی، بە هاندانی (معروف جیاووک) کەوتنە خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین لە بەردەم بینایەی موتەسەرفییە (سەرا) بەڵام هەریەک لە موتەسەڕیف (عبدالحمید عبدالمجید صرصر) و موتەسەڕیفی پێشووی هەولێر (ئەحمەد عوسمان) بە پێی گێڕانەوەکانی (معروف جیاووک ١٨٨٥-١٩٥٨)، زیاتر لە بەرژەوەندیی بەریتانی و دەوڵەتی عێراق بووە (جیاووک، ٢٠٠٨، ٩٣-٩٨).

لە مایسی ١٩٤١ گەلانی عێراق دژی ئینگیلز بە سەرۆکایەتی ڕەشید عالی گەیلانی ڕاپەڕین. لە هەولێریش خەڵک چوونە پاڵ ڕاپەڕینەکە بە جۆرێک کە مامۆستایان و قوتابیان بە دەربڕینی دروشمی نارەزایەتی و هوتاف گوتنەوە دژی ئینگیلز و دەسەڵاتدارانی عێراق تاوەکو لێکەوتنەوەی توند و تیژی و سووتاندنی سەیارەی موتەسەڕیفی هەولێر (صالح زەکی صاحێبقڕان) (بێخالی، ١٩٩٧، ٧٢-٧٤). لە ساڵانی جەنگی جیهانی دووەم دەسەڵاتێک درابوو بە موتەسەڕیفەکانی عێراق بە ناوی (قانون سلامة الدولة و صیانة الأمن العام) کە دەیانتوانی بە بێ لێپرسینەوە و تاوانبارکران بۆ ماوەی شەش مانگ لە گرتووخانەدا بیانهێڵنەوە (ناکام، ٢٠٠٣، ٥٦). سەرەڕای ئەوەی موتەسەڕیفەکانی عێراق ئەو دەسەڵاتە ڕەهایەیان پێدرا بوو، بەڵام ناوبراو بە شێوەیەکی لەسەرخۆ و هاوسەنگانە هەڵسوکەوتی کرد و پەنای نەبردە بەر هیچ کارێکی تۆڵەسەندنەوە و سزادانی خۆپیشاندەرە توندڕەوەکان. بە پێچەوانەوە

وەکو منداڵی خۆی ناویبردن، بەوەش بووە جێگای ڕێز و خۆشەویستی بە هۆی دووربینی و حیکمەتی ناوبراو (بابان، ٢٠٠٦، ٤٠٣). بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراقی دواتر چەند ڕێوشوێنێکی توندیان پەیڕەو کرد، وەکو یەکێک لەو گەنجە خوێنگەرمانەی کە بەشداربوو لە سووتاندنی سەیارەی موتەسرِیف مامۆستا (شێخ حەسەن شێخ نعمەالله ١٩٠٧-١٩٧٢) لە ١٦-٥-١٩٤١ لە لایەن هێزە سەربازییەکانی عێراق دەگیرێت و ڕەوانەی موسڵ دەکرێت، کە بە ساڵێک زیندانی و دوو ساڵ دەستلەکارکێشانەوەی فەرمانبەری سزا دەدرێت، هەر بەم هۆیەوە (صالح زەکی صاحێبقڕان)، لە پلەی موتەسەڕیفی هەولێر دووردەخرێتەوە، چونکە ترساوە و نەیتوانیوە ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران ببێتەوە، هەروەها (ئەحمەد تۆفیق) قایمەقامی ڕەواندز بۆ ماوەی دوو حەفتەیەک دەکەنە موتەسرِیفی هەولێر تاوەکو (مصطفى اليعقوبى)یان کرد بە موتەسەڕیفی شارەکە لە ٩-٦-١٩٤١ (بێخالی، ١٩٩٧، ١٨،٧٥).

لە ساڵی ١٩٤٣ (مەلا موستەفا بارزانی) سەرکەوتووبوو لە گەڕانەوەی بۆ ناوچەی بارزان دوای ئەوەی خرابووە ژێر چاودێریی ناچاری لە سلێمانی. موتەسەڕیفی ئەو کاتەی هەولێر (سەعید قەزاز ١٩٤٢-١٩٤٦) کەسایەتییەکەی تووندبووە بەرانبەر بە بەرهەڵستکاران و دڵسۆز بووە بۆ دەوڵەتی عێراقی لە سەردەمی مەلەکی ١٩٢١-١٩٥٨ (بەیاتی، ٢٠١٦، ٦٠). هەرچەندە لە دوای نسکۆی ڕاپەڕینی (شێخ ئەحمەد)ی بارزان، قەزاز ڕۆڵی هەبووە لە بەخشینی بەشێک لە بارزانییەکان، موتەسەڕیفی موسڵ بەڵێننامەی لێوەرگرتبوون کە لە شێخەکانیان دابڕێن، تاوەکو جارێکی تر دژی حکومەت نەوەستنەوە (بەیاتی، ٢٠١٦، ٨٦-٨٧). بە گەیشتنەوەی بارزانی بۆ ناوچەکە بە هۆی ئەنجامدانی چەند چالاکیەک لە لایەن بارزانییەکانەوە، بارودۆخی ئەمنی شلەژا، کە بووە هۆی دەستبەسەرداگرتنی بنکەی پۆلیسی ڕێزان. بۆیە موتەسەڕیفی هەولێر (سەعید قەزاز ١٩٤٢-١٩٤٦)، داوای لە بارزانی کرد

(ئۆلو سەعید ڕێزان) [10]ی تەسلیم بکات و کەلوپەلە بردراوەکانی بنکە و بارەگاکانی حکومەت بگەڕێنێتەوە، بەڵام بارزانی بەم داوایەی موتەسەڕیف ڕازینەبوو (البراک، ١٩٨٩، ١٢٠-١٢١). لەبەر ئەوە پێکدادان لە نێوانیان ڕوودەدا و (سەعید قەزاز) سەرپەرشتی هێرشکردنە سەر ناوچەی بارزان دەکات. بە پێچەوانەی کوردە دڵسۆزەکانی تری نێو حکومەت (ماجید مصطفی)، (فوئاد عارف)، و (معروف جیاووک)، هەڵوێستیان باش و کوردانە بوو لە پشتگیریکردنی ڕاپەڕینەکانی بارزان، خەڵکەکەی بە پێدانی ئازوقە و دەرکردنی لێبوردن بۆ بەشێک لە شۆڕشگێڕان (عارف، ٢٠٠٩، ٩٧-١٠٣). تەنانەت (معروف جیاووک)، کە ئەو کاتە موتەسەڕیفی سلێمانی بووە، بە توندی دژایەتی هەڵوێستی (سەعید قەزاز)ی کردووە. موتەسەڕیف (سەعید قەزاز) بەردەوام بوو لە دژایەتیکردنی شۆڕشی بارزان، لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی بیست، بە جۆرێک سەرپەرشتی هێرشێکی دوو مانگەی بە هاوکاری تۆپ و تەیارەی ئینگلیز و سوپای عێراقی و بەکرێگیراوەکانی عەشیرەتە کوردییەکانی ناوچەکە کردووە. دواجار لە ١٤-١٠-١٩٤٥ (مەلا موستەفا) و (شێخ ئەحمەد) ناچار بوون لەگەڵ ماڵباتی بارزانییەکان ڕوو بکەنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەوێ درێژە بە پشتگیریکردنی کۆماری کوردستان بدەن لە مهاباد. وەک ڕێزلێنان بۆ هێرشەکانی لە دژی هاونەتەوەکانی و کۆتاییهێنان بە بزاڤی بارزانی، ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە ٢٢-١-١٩٤٦ بڕیاریدا بە بەخشینی مەدالیای ڕافیدەین (وسام الرافدەین) بە موتەسەڕیف (سەعید قەزاز)، لە ٣-٢-١٩٤٦ فەرمانی شاهانەی ژمارە (٨٩) دەرچوو بە بەخشینە مەدلیاکە (بەیاتی، ٢٠١٦، ٩١).

## ٣ -٢ ڕۆڵی موتەسەڕیفەکان لە ئاوەدانکردنەوەی هەولێر و دەوروبەری

هەولێر وەکو سەرجەم ناوچەکانی تری کوردستان لە سەردەمی عوسمانییەکان، ئاوەدانییەکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەبینیوە، بەڵکو

شارۆچکەیەکی فەرامۆشکراو بووە، وەکو پێویست بایەخ نەدراوە بە ئاوەدان کردنەوەی ڕێگاوبان، قوتابخانە، نەخۆشخانە و هۆکارەکانی تری پێشکەوتنی شارۆچکەکە و دەوروبەری. لە ڕووی کارگێڕییەوە جگە لە قەزای ناوەند و دەوروبەری، سێ قەزای تر سەر بەم نیمچە موتەسەڕفییە بوون لە ساڵی ١٩٢٠ کە ئەوانیش (مەخمور، کۆیە، و ڕەواندز)بوون. کە هیچ لەو قەزایانە بە ڕێگای ئۆتۆمبێل بە هەولێرەوە نەبەسترابوونەوە، تەنانەت هەردوو قەزاکەی کۆتایی (کۆیە و ڕەواندز) لە ناوچەی شاخاوی و سەخت بوون، شارۆچکەکە تەنها بە ڕێگای خۆڵ بەسترابووەوە بە موسڵ و کەرکوک بە دووری ٧٠ میل (١١٢ کم-بەڵام ئێستا دووریی نێوان ئەو سێ شارە بەهۆی فراوانبوونیان کەمتر بۆتەوە) لە هەریەکیان کە لە کاتی تێکچوونی کەش و هەوا بە تایبەتی لە کاتی بارانبارینی بە خوڕ و تەپ و تۆزی توندی هاویناندا نەتوانراوە سوود لە ڕێگاکە وەربگیردرێت (lyon, 2002, 89). بەر لە پایزی ١٩٢٠ کاتێک حاکمی سیاسیی ئینگلیز (لاین) دێتە هەولێر بەم شێوەیە وەسفی ئاوەدانی شارۆچکەکەی کردووە، ئەو خواردن و کەلوپەلانەی ئەو ڕۆژگارەش بەکارهاتوون ناوی بردوون وەک دەڵێت: **((لەو ڕۆژانەدا لە نێو شارۆچکەکەدا [هەولێر] نە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە هەبوو، نە کارەبا، نە ڕادیۆ، نە کەرەی خۆمالی کە لە ماست دروست دەکرێت، بەڵام ئێمە بەشێک لەو پێداویستیانەمان بە شێوەیەک پەیدا دەکرد، وەک هێنانی ئاوی شیرین لە کوندەدا، بە گوێدرێژ. ڕۆنی گامێش لە جیاتی کەرە، شیری مانگا و بزن گەر دەستکەوتایە، هێنانی بەفری شاخی سەفین بۆ ساردکردنەوەی خواردنەوەکانمان، فانۆسی نەوتی بۆ ڕووناککردنەوە، تەختە و خەڵوزیش بۆ چێشتلێنان))** (lyon, 2002, 90). بە پێی گێڕانەوەی پزیشکی بنەماڵەی مەلیکی عێراق، خەڵکی ئەو وڵاتە گیرۆدەی چەند پەتا و نەخۆشییەک ببوون، لەوانە مەلاریا و تاعوون. بە مەبەستی ڕێگریکردن لەو نەخۆشییە و پەتایانە دەسەڵاتی داگیرکاریی بەریتانی چەند هەنگاوێکی لە تەواوی عێراق نا، تەنیا بەغداد لە سەردەمی عووسمانییەکان ئاوی

خواردنەوەی بە تۆڕی بۆڕی گەیەنرابووە ماڵان، ئەویش وەکو پێویست بە کەڵکی بەکارهێنان و خواردنەوە نەدەهات، هەر بۆیە دەسەڵاتی داگیرکاریی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٢٤ بڕیاریدا بە نۆژەنکردنەوەی ئەو پڕۆژەیە و دەستپێکردنی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە، بۆ هەر یەک لە شارەکانی بەسرە، مووسڵ، عیمارە، ناسرِیە و هەولێر (سندرسن، ١٩٨٢: ٣٠٢). دەسەڵاتی بەریتانی لەو ساڵەدا، بە شێوەیەکی کرداری ئاوی خواردنەوەیان لە کانییەکی پاک بە ترۆمپا و بۆری بۆ سەر قەڵاتی هەولێر برد، بەڵام ئەوەی سەیرە خەڵک ئاوەکەی نەدەخواردەوە و پێیان حەرام بوو، چونکە پێیان وابوو کافرەکان دابینیان کردووە. دواجار مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی سەرکەوتووبوو لە ڕازیکردنی خەڵکەکە بە خواردنەوە و بەکارهێنانی ئاوەکە (lyon, 2002, 92). پڕۆژەی دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ سەر حەوزی قەڵا لە ساڵی ١٩٢٤دا لە کارێزی میری بە بۆڕی پۆڵاین (الانابیب الفولاذیة) بە بەرزی (٤،٥م) و تیری (١٤م) ڕاکێشرا، لەوێشەوە بەسەر ماڵانی گەڕەکی قەڵا دابەشکراوە (قادر، ٢٠١٣، ٣٨٣). بە هۆی ئەوەی هەولێر ڕێژەیەکی زۆری ئاوی ژێر زەوی هەبوو توانراوە سوودی لێوەربگیرێت، لە ڕێگای لێدانی بیری ئیرتیوازی ئەوەتا لە سەردەمی موتەسەڕیف (ئەحمەد تۆفیق) لە ساڵی ١٩٣٦ یەکەم بیر لە گەڕەکی تەعجیل لێدەدرێت و دووەم بیریش لە سەربازگەی شارەکە بە قوڵایی (٣٧،٤٨م) لێدەدرێت و لە ساڵی ١٩٣٨ دوو بیر بە قوڵایی (٣٩،٦٠م) و (٣٨،١٠) لێدراون کە شوێنەکەی کەوتۆتە نزیک (گەراجی پێشووی باکوور لەسەر جادەی ٣٠م) هەروەها دەربارەی گەیشتنی کارەبا بۆ دامودەزگاکانی حکومەت و ماڵان، لە ساڵی ١٩٣٧ بۆ یەکەم جار لە سەر بودجەی شارەوانی کارەبا بۆ شارەکە دابینکراوە (قادر، ٢٠١٣، ٣٨٣).

خوێندن و تەندروستی لە سەردەمی عوسمانییەکاندا وەکو پێویست نەبوو لە تەواوی باشووری کوردستان لە نێویدا شارۆچکەی هەولێریش. شەڕی جیهانی یەکەم ئەوەندەی تر پڕۆسەکەی خاو کردەوە. ئەگەرچی

بەریتانییەکان داگیرکەربوون و دەوڵەتی عێراق لە سەرەتای دامەزراندنی دابوو، لەگەڵ ئەوەشدا، بایەخیان بە ڕەوشی پەروەردە و خوێندندا. بە نموونە یەکەم قوتابخانەی کچانی مەسیحی بە شێوەیەکی فەرمی لە ١١ی نیسانی ١٩٢١دا لە سەردەمی (ئەحمەد عوسمان) کراوەتەوە و بودجەی بۆ تەرخانکراوە (Iraq administration reports 1914-1932, 1992, vol 7, p 54). ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە مەسیحییەکان دەسپێشخەربوون لە ناردنی مناڵە کچەکانیان بۆ قوتابخانە. بەڵام موسڵمانەکان بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٧ لە سەردەمی دووەم موتەسەڕیفی هەولێر (عبدالمجيد يعقوبی ١٩٢٧–١٩٣٠) قوتابخانەیەکی کچانیان لە سەر قەڵات بە ناوی (مدرسة أربيل للبنات – قوتابخانەی هەولێری کچان) کردەوە، کە ژمارەی قوتابییەکان ١٦ کچ بوونە، وانەکان بە زمانی عەرەبی بووە و کوردی تێدا نەخوێندراوە، مامۆستاکانیش خەڵکی موسڵ و بەغدا بوون (هەمزە، ٢٠٠٩، ٢٥٢٧). پرۆسەی خوێندن بە هێواشی گەشەی کرد، ئەوەتا بە پێی بەڵگەنامەیەک لە ساڵی ١٩٣٨ لە نێو شاری هەولێر بە هەردوو ڕەگەزی کوڕ و کچ ژمارەیان ١٠٥٨ قوتابی بوونە، کە ٢٤٠ قوتابی لە ڕەگەزی مێیینە بووینە لە قۆناغی سەرەتایی. ئەگەرچی موتەسەڕیفی هەولێر (ئەحمەد تۆفیق) بودجەی تەرخان کردووە بۆ کردنەوەی قوتابخانەیەکی ناوەندی تایبەت بە کچان لە ناوەندی شارەکە، بەڵام بەهۆی نەبوونی ژمارەی پێویستی قوتابیان لەو ڕەگەزە قوتابخانەکە لەو ساڵەدا نەکراوەتەوە و بۆ ساڵێکی تر دواخراوە، (دار الكتب والوثائق العراقية، رقم التصنيف 7352/32050، المصدر: الداخلية الديوان، تقرير التفتيش الإداري مركز لواء أربيل ١٩٣٨، المعارف، ٩–٧–١٩٣٨). دیارە ئەوەش بە هۆکاری کۆمەڵایەتی بووە کە زۆربەی خەڵک تا ئەوکاتەش ئامادە نەبووینە کچەکانیان بنێرن بۆ قۆناغی ناوەندی کاتێک تەمەنیان گەیشتۆتە هەرزەکاری.

له کانونی یەکەمی ١٩٢٤ مەلیک فەیسەلی یەکەم بۆ یەکەمجار سەردانی هەولێر دەکات، موتەسەڕیفی هەولێر ڕۆڵی دەبێت لە پێشنیازکردنی دروستکردنی بینایەی قوتابخانەیەک، لە بەرانبەر بینایەی موتەسرڕفییە. لە کاتی دانانی بەردی بناغەی قوتابخانەکە لە لایەن مەلیکەوە، (ئەحمەد ئەفەندی) قوتابییەکی کوڕ، کە عەرەبێکی زیرەکی خەڵکی (حیللە) بوو. بە عەرەبییەکی کلاسیکی بەخێرهاتنی میوانەکان دەکات، بەوەش مەلیک زۆر دڵخۆش دەبێت (lyon, 2002, 143). هاوکات مەلیک فەیسەل بەردی بناغەی نەخۆشخانەیەکی بە ناوی (ئەمیر غازی) لە شارۆچکەکە داناوە (قادر، ٢٠٠٨، ١٥٥). لەو ڕۆژگارەدا ڕەوشی تەندروستی لە ئاستی پێویست نەبووە دانیشتوانی هەولێر پەنایان بردۆتە بەر دەرمانی میللی بۆ نەخۆشییە بەدەنییەکان بۆ نموونە هاڕاوەی قاوە کە پێی دەوترا (ئاغز دەرمانی)، بۆ برین، پەنکریاسی بەرخیان لە شوێن برینەکە دەپێچایەوە. لە لایەکی ترەوە بۆ نەخۆشییە دەرونییەکان زۆر سادە بوون پشتیان بەستووە بە دوعاکردن و نوشتەکردن، ئەوەش بە هۆی ئەوەی خەڵکەکە بیروباوەڕێکی بەهێزیان بە ئاین هەبووە، کە تا ئێستاش ئەو دیاردەیە لە شارەکە بوونی هەیە (قادر، ٢٠١٣، ٣٨٦). ڕەوشی تەندروستی لە سەردەمی پاشایەتی بە شێوەیەکی گشتی لە هەولێر لە ئاستی پێداوستییەکانی لیواکە نەبووە، تاوەکو ساڵی ١٩٣٦ شەش دکتۆر لە هەولێر بووینە کە خەڵکی دەرەوەی شارەکە بوون، یەکەم دکتۆری هەولێریش بە ناوی (هاشم شەریف دۆغرەمەچی) دەرچووی کۆلێژی پزیشکی ساڵی ١٩٣٨ بوو (قادر، ٢٠١٣، ٣٨٨-٣٩٢).

قەڵای هەولێر کە دوو دەرگای هەیە دەرگای پێشەوە و ئەوی تریان یەکێکە لە کارە ئاوەدانییەکانی (ئەحمەد عوسمان ئەفەندی)، کە ڕێگای پشتەوەی قەڵا (دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای قەڵاکە واتە پشت باڵەخانەی پارێزگای هەولێر)، بە مەبەستی بەکارهێنانی ئەو ڕێگایە بۆ هاتوچۆی دەوامەکەی لە بینایەی موتەسەڕفییەت (سەرا) (عثمان، ٢٠١٢، ١٣).

هۆکاری دروستکردنی دەرگاکە، وەک لەلایەن خەڵکی کۆنی شاری هەولێر باسی لێوەدەکرێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە ڕۆژێکی ساردی زستاندا (ئەحمەد عوسمان) موتەسەڕیفی هەولێر لە دەرگای نزیک چایخانەی مەچکۆ کاتێک سەرقاڵی هاتنە خوارەوە بووە بۆ موتەسەڕیفیەت بەهۆی ئەوەی ئەم شەقامە زۆر کورت و لێژبووە و بەهۆی سەرماوە بەستبووی قاچی خلیسک دەبات و سیدارەکەی سەری دەکەوێتە سەر زەوی بۆیە بڕیار دەدات لە دیوی پشتەوەی قەڵات لە نزیک باڵەخانەی موتەسەڕیفیەتی ئەوکاتە شەقامێکی تر بە شێوەیەکی ڕێک و چاکتر بکاتەوە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتیی کۆنی شاری هەولێر حاجی سلێمان کاک احمد خیاط، هەولێر، ١٤-٤-٢٠٢١). کە دواتر بە دەرگای ئەحمەدییە ناسرا، کە ناوەکەی بۆ دروستکەری دەرگاکە دەگەڕێتەوە (عثمان، ٢٠١٢، ١٣).

ئەگەرچی موتەسەڕیفەکانی هەولێر ڕۆڵێکی گرنگیان لە ئاوەدانکردنەوەی شارەکە و دەوروبەری گێڕاوە، بەڵام هەندێک جار لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی گشتی خۆیان دەوڵەمەندکردووە، دەسەڵاتەکانیان خراپ بەکارهێناوە، تەنانەت ڕاوێژکارە ئینگلیزەکانیش چاوپۆشییان لێکردوون، بگرە پاساویشیان بۆ هێناونەتەوە. ئەوەتا (ئەحمەد عوسمان) یەکەم موتەسەڕیف لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٥ دەرفەتی ئامادەنەبوونی ڕاوێژکاری سیاسیی بەریتانی (ڤاڵاس لاین) لە هەولێر دەقۆزێتەوە، لە دامێنی قەڵای هەولێر ڕیزێک دوکان بۆخۆی دروست دەکات لەسەر موڵکی گشتی وەک (ڤاڵاس لاین) دەڵێت:- ((**لە کاتێکدا [لە سلێمانی] گەڕامەوە هەولێر لە کۆتایی ١٩٢٥ وام دیت شتەکان هەمووی وەک خۆن، جگە لە پارچە زەوییەکی بازرگانی موڵکی گشتی لە دامێنی قەڵات کە موتەسەڕیف ئەحمەد ئەفەندی دەمێک بوو ڕیزە دوکانێکی لەسەر دروست کردبوو. ئەگەرچی ئەوم بانگ کرد و بە توندی لێپرسینەوەم لەگەڵ کرد و بۆ ئەو دەرفەتێکی باش بوو کە دەرفەت لە**

**دەست خۆی نەدات بۆ زیادکردنی خانووبەرەکەی. ئەو نە دزیویەتی و نە زوڵمی لە کەس کردووە و بە پێودانگە ناوخۆییەکان کارێکی ڕاست و ئاسایی بوو بە شێوەیەکی تایبەت، بۆیە ڕێگەمدا تێپەڕێت))** (lyon, 2002, 154).

ئەگەرچی لێپێچینەوەی لەگەڵ موتەسەڕیف کردووە و لێی توورە دەبێت. بەڵام دواجار ڕێگەی پێ دەدات و پاساوی بۆ دەهێنێتەوە کە ستەمی لە هیچ کەسێک نەکردووە و لە کەسی نەدزیوە، و لە کلتووری ناوچەکە کارێکی ڕێگە پێدراو بووە. بەڵام ڕەنگە چاوپۆشیکردنی ناوبراو لە ئەحمەد عوسمان پەیوەندی بە ڕاگرتنی کۆمەڵە هاوکێشەیەکەوە هەبێت پەیوەست بە ڕاگرتنی باڵانسی نێوان هێزە نێوخۆییەکانی عەشایەر و بنەماڵە ناودارەکانی هەولێر. کە هیچ بەدیلێکیان نەبێت وەکو بنەماڵەی ئەفەندی بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز لە هەولێر.

ئەو کەیسە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەجولێندرێت، لە دانیشتنی ١١ی تەموز ١٩٢٨، لە لایەن ئەندامی ئەنجوومەنەکە (معروف جیاووک ١٨٨٥-١٩٥٨) لە دژی (ئەحمەد عوسمان-کە ئەو کاتە موتەسەڕیفی سلێمانی بووە). ناوبراو داوا دەکات کە زەوییەکە لە ناوبراو بسەندرێتەوە، چونکە ناوبراو زیانی بە بەرژەوەندی گشتی گەیاندووە، بە نرخێکی زۆر هەرزانی لە سەرخۆی تۆمار کردووە بە بێ ئەوەی بخرێتە نێو کێبڕکێی نرخ (موزایەدە)، ئەگەرچی سکاڵای (معروف جیاووک) لە لایەن حکومەتی عێراق بەهەند وەردەگیرێت. بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەک لە لایەن وەزارەتەکانی دارایی، ناوخۆ، کشتوکاڵ و ئاودێری پێکدەهێنرێت، چەندین جار بۆ لێکۆڵینەوە، سەردانی مەیدانی دەکەن. بەڵام دواجار (ئەحمەد ئەفەندی) دۆسیەی زەوی و خانوبەرەکەی دەباتەوە. ئەگەرچی (معروف جیاووک) و (عبدالله مفتی) -ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەر موتەسەڕیفییەی هەولێر- سەردانی بەڕێوەبەری ئەملاکی میری (مستەر هیجکوک) دەکەن. بە مەبەستی لێسەندنەوەی زەوی خانوبەرەکە

له (ئەحمەد عوسمان) بەڵام ئەو بەرگری لێدەکات و ئامادە نابێت لە دژی (ئەحمەد عوسمان) هاوکاریان بێت (ساڵح، ٢٠١١، ٣١٢-٣١٥). ئەوەی جێگای سەرنجە تاوەکو ئێستا وەکو پێویست پەردە لەسەر گەندەڵیی موتەسەڕیف و کاربەدستانی تری هەولێر و باشوری کوردستان لە سەردەمی مەلەکی عێراق (١٩٢١-١٩٥٨)هەڵنەدراوەتەوە. ڕەنگە ئەوەش لەبەر ڕەچاوکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و دەرنەخستنی کەم و کوڕی کاربەدەستانی ئەو سەردەمە بێت، لە ترسی تۆڵە لێ سەندنەوەیان لە لایەن خانەوادە و نەوەکانیان، یاخود دەستنەکەوتنی زانیاری لە بەڵگەنامە نەهێنی و سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئەو سەردەمە.

لە ماوەی یەکەم گەشتی مەلیک فەیسەل لە ساڵی ١٩٢٤ بۆ هەولێر، کە موتەسەڕیف (ئەحمەد عوسمان) یاوەری دەکرد، ناوبراو لە ماڵی (مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی) لەلایەن کەس و کاری زیندانیان دەورەدرا، کە داوایان لێدەکرد بە ئازادکردنی کەس و کاریان لە زیندان، ئەویش فەرمانی لێخۆش بوونی بۆ زۆربەیان دەرکرد. (lyon, 2002, 144) . لەگەڵ ئەوەشدا لەو سەردەمە خەڵکانێک بە بەردەوامی دەستگیرکراون. ئەوتا بە پێی بەڵگەنامەیەک لە ١ی کانونی یەکەم ١٩٢٤، (عبدالمجيد ئەفەندی) نووسەری دووەمی قەزای مەخمور بە تۆمەتی گەندەڵی دەستگیرکراوە، دواتر لە زیندانی هەولێر نەخۆش دەکەوێت و ڕەوانەی نەخۆشخانەی مەدەنی دەکرێت، موتەسەڕیفی هەولێر (ئەحمەد عوسمان)ی لێ ئاگادار دەکرێتەوە. (دار الكتب والوثائق العراقية، صورة كتاب مأمور سجن أربيل المرقم ٨٢/ ٦ المؤرخ ١٧ شباط ١٩٢٥، داخلية-ديوان، 32050/480، السجون في لواء أربيل ١٩٢١-١٩٢٥). لە بەڵگەنامەیەکی پزیشکیی نەخۆشخانەکە (Dr. F. Ridge Jones) ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە ناوبراو لە بەرواری ١٠-٢-١٩٢٤ لە نەخۆشخانەی مەدەنی هەولێر خەوێنراوە کە تووشی نەخۆشی هەوکردنی سییەکان (Pneumonia) بووە، هەر بەم نەخۆشییەوە لە شەوی ١٦-٢-١٩٢٤ کۆچی دوایی دەکات. (دار الكتب

والوثائق العراقية، Civil Hospital Arbil, Dr. F. Ridge Jones, No CD/550, Feb. 17th 1924, Report on the death of Majed Ibn Hamid Beg داخلية-ديوان، 32050/480، السجون في لواء أربيل ١٩٢١-١٩٢٥). ئەوەش ڕەنگە لە ژێر ئەشکەنجە و بە مەبەستی دانپێدانان تووشی ئەو جۆرە نەخۆشیە بووبێت. یاخود بەهۆی سەرماوسۆڵ و خراپیی جۆری زیندان. ئەوەتا بە پێی بەڵگەنامەیەک، لە ساڵی ١٩٢٥ زیندانی هەولێر بچووک بووە تەنها بەشی ١٢ تا ١٥ کەس بووە، تەنانەت لە ڕووی تەندروستییەوە زۆر خراپ بووە و ژمارەیەکی زیاتر لە قەبارەی خۆی زیندانی تێخراون. بۆیە بەرپرسانی زیندانەکە داوا لە وەزارەتی ناوخۆی عێراق دەکەن، بە نۆژەنکردنەوە و گەچکردنی ژوورەکانی تری زیندانەکە و بەپەلە دروستکردنی زیندانێکی تر لە شارەکە کە گونجاو بێت بۆ زیندانیان (دار الكتب والوثائق العراقية، داخلية-ديوان، 32050/480، السجون في لواء أربيل ١٩٢١-١٩٢٥، Copy of memo No. 1638/15) dated 15th August 1925, from the director General of the Civil Jails, to the Ministry of Interior, Baghdad). فەرمانگەی گشتی زیندانیان لە بەغداد بە خێرایی، دوای کەمتر لە دە ڕۆژ وەڵامی داواکارییەکە دەداتەوە، بڕی - سی ڕووپییە – تەرخان دەکات بۆ نۆژەنکردنەوەی زیندانی هەولێر (دار الكتب والوثائق العراقية، داخلية-ديوان، 32050/480، السجون في لواء أربيل ١٩٢١-١٩٢٥، العدد ٥٠٧/٢٢، دائيرة المدير العام للسجون، بغداد ١٢مارت [١٩٢٥]، إلى مأمور سجن أربيل). شایەنی باسە، کاربەدەستانی وەزارەتی ناوخۆ و بەرپرسانی زیندانی هەولێر زانیارییان بە موتەسەڕیفی هەولێر (ئەحمەد عوسمان) داوە و لە نامە گۆڕینەوەکانیاندا وێنەیەکیان بۆ ناردووە، کە ناوەڕۆکەکەی پێکهاتبوو لە ڕەوشی زیندانیان و پێداویستییەکانی زیندان و زیندانیەکان، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە موتەسەڕیف سەرۆکی یەکەی کارگێڕی هەولێر بووە.

له ئازاری ١٩٢٦ ئێران بە فەرمی داوای لە دەسەڵاتدارانی بەریتانیا لە وڵاتەکەی و حاکمی سیاسیی باڵای بەریتانیا لە بەغداد کرد، کە عێراق هاوکار بێت بە دروستکردنی ڕێگایەکی بازرگانی کە کەرکوک بە تەبرێزەوە ببەستێتەوە (Longrigg, 1956, 159). لە ساڵی ١٩٢٧ دەستکرا بە دروستکردنی ڕێگاکە کە لە هەولێر دەستپێدەکات بۆ ناوچە چیاییەکانی قەزای ڕەواندز تا مەرزی حاجی ئۆمەرانی سەر سنووری ئێران بۆ ماوەی پێنج ساڵ کاری تێکرا و لە ساڵی ١٩٣٢ تەواو کرا (Longrigg, 1956, 208). پرۆژەکە بە فەرمی لە لایەن ئەندازیاری بەناوبانگی بەریتانی (هامیلتۆن Hamilton) - تەواو کراوە کە سەرپەرشتی جێبەجێکردنەکەی کرد. بە هاوبەشی دەست و بازووی کرێکار و هاوکارە کوردەکانی هەولێر، کە موتەسەڕیفەکانی هەولێر لەو سەردەمە (عبدالمجید یەعقوبی ١٩٢٧-١٩٣٠) و (عبدالحمید عبدالمجید صرصر ١٩٣٠-١٩٣١) و لە سەرەتای سەردەمی موتەسەڕیف (جلال بابان ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٣٢ – ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٣٢)، بۆ تەواوکردنی ڕێگایەکە ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا. هەر بۆیە دواتر ڕێگاکە بە ناوی ئەندازیارە سەرپەرشتیکارەکە ناوزەندکرا (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە Hamilton, A. M., Road through Kurdistan, London, 2010).

لەگەڵ گەشەسەندنی ژمارەی دانیشتوانی هەولێر ئەرکی موتەسەڕیفەکانیش زیاتر بووە، بۆیە هەوڵیانداوە ئەرکەکان دابەشبکەن و ئیدارەی تازە بکەنەوە جا چ ناحیە بێت یاخود قائیمەقامیەت، ئەوەتا بەپێی بەڵگەنامەیەک پارێزگاری هەولێر (ئەحمەد تۆفیق-١٩٣٥-١٩٣٩) لە ٢٢-کانوونی یەکەمی ١٩٣٥ بڕیاری داوە بە گواستنەوەی ناحیەی قوشتەپە بۆ سەر لیوای ناوەند پێشکەشکردنی نەخشەی بنەڕەتی ناحیەکە کە ٨٥ گوند و ١٥٦١٠ کەسی لەخۆگرتبوو ئەوەش لە پێناو ئەنجامدانی کارەکانی ئەو ناحیەیە لە نێو هەولێر. جگە لەو ناحیەیە موتەسەڕیف سەرپەرشتی هەردوو ناحیەی ناوەندی هەولێر و شەقڵاوەشی کردووە. موتەسەڕیف

داوا له وەزارەتی ناوخۆ دەکات، بە دروستکردنی قایمەقامیەتی ناوەندی بۆ هەولێر و دانانی قایمەقام و مودیر ناحیە بۆ ئەو سێ ناحیەی ئاماژەیان پێدرا، تاوەکو کاتی هەبێت بۆ ئەنجامدانی کارە بنەڕەتییەکانی لە ڕووی کارگێڕی، ئاوەدانی، ئابووری و کاری تر لە پێناو پێشخستنی موتەسەڕفییەی هەولێر (دار الكتب والوثائق العراقية، وزارة الداخلية، رقم الملفة، ,8242 رقم التصنيف، 32050، الوحدات الأدارية لواء أربيل ١٩٣٢-١٩٣٦، أحداث قضاء في مركز اللواء، العدد ٤٧٩٤، أربيل ٣-٦-١٩٣٥، أحمد توفيق، متصرف لواء أربيل). کاربەدەستانی وەزارەتی ناوخۆ ڕازیدەبن بە داوای ناوبراو بە پێکهێنانی قایمەقامیەتی ناوەندی هەولێر و دامەزراندنی قایمەقام، نووسەری نووسراوەکان (كاتب التحريرات) و جێگری نووسەری نووسراوەکان (معاون كاتب التحريرات)، و گەڕاندنەوەی بارەگای ناحیەی قوشتەپە بۆ شوێنی خۆی و دامەزراندنی مودیر ناحیە بۆ ناحییەکان (دار الكتب والوثائق العراقية، وزارة الداخلية، رقم الملفة، ,8242 رقم التصنيف، 32050، الوحدات الأدارية لواء أربيل ١٩٣٢-١٩٣٦، وكيل رئيس الهيئة التفتيشية للمنطقة الأولى).

ئەگەرچی بنەماڵەی (مەلیک فەیسەل) بە بێ بوونی هیچ موڵکێک هاتنە عێراق، بەڵام دواتر موڵکێکی زۆریان لە تەواوی عێراق پێکەوەنا جا چ بە کڕین بێت یان دەستبەسەرداگرتن و تاپۆکردنیان لەسەرخۆیان بە زەبری هێز، وەکو مەلیک (فەیسەلی یەکەم ١٩٢١-١٩٣٣) (حاث)یەی (حمدی بابان)ی برد بۆ خۆی دەستیبەسەرداگرت کە بەشێکی لە هەولێر بوو، چوار باخی پێنجوێنی کڕی (هاوار، بەرگی یەکەم، ١٩٩٠، ٢١). بەڵام کاروباری تاپۆکردنەکەی ئەو چوار باخەی کە لە پێنجوێنی کڕی، تاپۆکردنەکەی چەند ساڵێک دواکەوتووە، ئەوەتا بەپێی بەڵگەنامەیەکی بڵاونەکراوە، موتەسەڕیفی هەولێر (ئەحمەد تۆفیق) لە ساڵی ١٩٣٨ هاوکار و نێوەندگیر دەبێت بە هاوبەشی موتەسەڕیفی ئەو کاتەی سلێمانی. لە تەواوکردنی کڕین، گواستنەوەی چەند زەوییەک لە پێنجوێن و هەولێر بە

بڕی (٨٦١) فلس بۆ (مەلیک فەیسەلی بچووک) (دار الكتب والوثائق العراقية، البلاط الملكي/ الخزينة الخاصة، 475/313، الرقم، ١٠٨٩، ٦-٨-١٩٣٨). لێرەدا دەردەکەوێت کە موتەسەڕیف (ئەحمەد تۆفیق)، ئەگەرچی بە ڕەسمی داوای لێکراوە ئەرکێک ئەنجامبدات، بەڵام ئەرکەکەی چووەتە خانەی بەهەدەردانی موڵکی گشتی، لەسەر حیسابی دەوڵەت موڵکی تایبەتی بۆ (مەلیک فەیسەلی بچووک) کراوە.

لە سەرەتای هاوینی ١٩٣٩ (سالح زەکی بەگی ساحێبقڕان) کە تازە وەکو موتەسەڕیفی هەولێر دەستبەکار ببوو، بەردی بناغەی هاوینەهەواری سەڵاحەدین لە سەر چیای پیرمام دادەنێ، هەوڵ و کۆششێکی زۆریش دەکات بۆ سەرخستنی پڕۆژە گرنگەکە، هەر بۆ ئەم مەبەستە لە پێناو خزمەت گەیاندنی زیاتر بە خەڵکەکە، پرۆژەی تریش ئەنجامدەدات لە شارۆچکەی سەڵاحەدین و هاوینەهەوارەکەی وەک شەقام، و ئاوی خواردنەوە (شارەزا، ٢٠١٤، ١٣٠).

**٤- ئەنجامەکان**

- سیستەمی بەڕێوەبردنی هەولێر لە ساڵانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم گۆڕانکاریی گەورەی بەسەرداهاتووە بە تایبەت دوای ئەوەی کە کراوە بە موتەسەڕفییە، بە شێوەیەکی سیستماتیک لە سەردەستی موتەسەڕیفەکان بنەمای کارگێڕیی بەڕێوەبردنی بۆ داڕێژراوە.

- زانیاریی مێژوویی لەبارەی ژیان و کاری موتەسەڕیفەکانی هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣-١٩٤٥، بە پێی ئەو سەرچاوانەی کە توێژەر گەڕاوەتەوە سەریان، کەمن و شایەنی مێژووی ئەم شارە نین.

- ژمارەیەک لە موتەسەڕیفەکانی هەولێر کەسانی دڵسۆز و جێگای متمانەی ئینگلیز بوون، تەنانەت پارێزگارییان لە بەرژەوەندیی ئینگلیز کردووە لە لیواکەدا، هەرچەندە دژایەتی کردنی ئینگلیز لە لایەن بەشێک لە خەڵکی شارەکە لە ئارادابووە، لەلایەک بە هۆی کاریگەری ئاینی لەسەر خەڵکەکە. لەلایەکی تریشەوە یەکنەگرتنەوەی بەرژەوەندیی ژمارەیەک لە سەرۆک هۆز و ئاغاکان بە هۆی هاتنی ئینگلیز بۆ ناوچەکە.

- موتەسەڕیفەکانی هەولێر بە شێوەیەکی گشتی خاوەن ئەزموونێکی زۆر بوون لە ڕووی کارگێڕی و بەڕێوەبردنەوە. ژمارەیەکیان بەر لەوەی ببن بە موتەسەڕیفی هەولێر لە لیواکانی تری عێراقدا موتەسەڕیف، بەڕێوەبەری گشتی، یان قایمەقام بوون، ئەوەش کاریگەری هەبووە لەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ڕێکخستنی لیواکە.

- لەم توێژینەوەیە دەردەکەوێت کە هەندێک لە موتەسەڕیفەکانی هەولێر، بەو پەڕی دڵسۆزییەوە کەوتوونەتە خزمەتی دەسەڵاتی داگیرکاریی بەریتانی و عێراقی، لەو ماوەیەی کە دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو لێکۆلینەوەیە، بۆیە لەلایەن دەسەڵاتدارانی داگیرکەری بەریتانی ستایشکراون، تەنانەت بەشێکیان دژ بە جووڵانەوە و شۆڕشە کوردییەکانیش وەستاونەتەوە.

- بە پێی بەڵگەنامە مێژووییەکان، هەولێر لە سەردەمی کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی سەرەتای دەسەڵاتی داگیرکاریی بەریتانی، لە کۆتایی ساڵی ١٩١٨ شارۆچکەیەکی دواکەوتوو و بێ خزمەتگوزاری بووە، لە ڕووەکانی ڕێگاوبان، پەروەردە، تەندروستی، ئاو و ئاوەڕۆ ... هتد. بۆیە ناکرێت ڕۆڵی موتەسەڕیفەکانی هەولێر لە بەرچاونەگیرێت لە پەرەپێدانی ئاوەدانکردنەوە و گۆڕینی هەولێر، لە شارۆچکەیەکەوە بۆ شارێکی مامناوەند، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی دەکرێت کە ڕەوشی

خوێندن، تەندروستی و خزمەتگوزارییەکان دواکەوتووبوون و وەکو پێویست نەبوون لە لیواکەدا.

## پەراوێزەکان

١- علی شەفیق - ناسراو بە ئۆزدەمیر، ئەو سەرکردە تورکە بوو کە لە لایەن موستەفا کەمال ئەتاتورک بۆ ڕەواندز دانرا، لە ٢٣-٦-١٩٢٢ بە هاوڕێیەتی گروپێکی بچووکی ئەفسەر و ٢٧٠ سەربازی تورک گەیشتە شارۆچکەکە، کە بە جلوبەرگ و چەک و تفاقی فەرەنسی، بە مەبەستی فشار خستنە سەر دەسەڵاتدارانی بەریتانیا و گەڕاندنەوەی ویلایەتی موسڵ بۆ باوەشی تورکیا. (The National Archives, FO 377/7771, high commissioner Baghdad, Kurdistan, 27, July -1922).

٢- ئەحمەد عوسمان - ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو (نعیمە شێخ معروف بەرزنجی) پێکهێناوە، خاوەنی (٦) کوڕ و (٤) کچ بوون، کوڕە گەورەکەی (فیصل) قوتابی کۆلێژی یاسابووە کە کۆچی دوایی کردووە، (زید) کۆلێژی یاسای لە میسر تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٥٨ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی (اتحاد الهاشمی) بووە، لە ساڵی ١٩٨٧ کۆچی دوایی کردووە، (غازی)، محمود لە ساڵی ١٩٣٢ لە شاری هەولێر هاتۆتە دنیاوە و لە ئێستادا لە شاری هەولێر دەژیت، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری بەغداد تەواوکردووە، بۆ درێژەدان بە خوێندن لە ساڵی ١٩٥١ چۆتە دەرەوەی وڵات و لە بەریتانیا لە زانکۆی (کامبردج) زانکۆی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٥٧ گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و ساڵی ١٩٥٨ لە کۆمپانیای نەوتی عێراق لە کەرکوک دامەزراوە (شرکة نفط العراق في كركوك)، دواتر بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە وەزارەتی دارایی کاری کردووە و چەندین پلە و پۆستی ئیداریی وەرگرتووە، لە ئێستادا لە شاری هەولێر دەژیت. چاوپێکەوتن لەگەڵ

(محمود ئەحمەد و عوسمان)، هەولێر، ژ٢٠٢٠/١١/١٠.، فؤاد، کۆلێژی ئەندازیاری بەشی تەلارسازی لە (هارڤارد) تەواوکردووە و خاوەن بڕوانامەی دکتۆرایە لەم بوارەدا و لە ئەمریکا دەژیت، (نەوزاد) ئەندازیاری شارستانیە و لە ئەمریکا دەژیات، کچەکانیشی بەناوەکانی (قەدریە، وەهیبە، فوزیە، گوزیدە)ەن (عوسمان، ٢٠٢٠/١١/١٠).

٣- خاوەنی سێ کوڕ و دوو کچ بووە، ئەحمەد یەعقوبی کوڕی هەڵبژێردراوە وەک نوێنەری کەرکوک بۆ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران لە هەردوو ساڵی ١٩٣٧ و ١٩٤٧، دکتۆر نجیب یەعقوبی کوڕیشی کە لە زانکۆی ئەمەریکی لە بەیروت دەستی بە خوێندن کردبوو دواتر بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی لە پسپۆری پزیشکی گەڕایەوە بۆ بەغداد لە ساڵی ١٩٣٧ بەکالۆریۆسی لە پزیشکی بەدەستهێنا، دواتر پسپۆری لە نەشتەرگەری (مێشک و دەمار) وەرگرت. پزیشکێکی لێهاتوو بووە لەم بوارەدا، لە ساڵی ١٩٤٧ وەک مامۆستا لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی بەغداد دەستبەکاربووە، ساڵی ١٩٥٨ وەک نوێنەری کەرکوک وەک ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵبژێردراوە، دواتر بووە بە ئەندامی ئەنجوومەنی (اتحاد الهاشمی) کە لە نێوان عێراق و ئوردندا کراوە تا شۆرشی ١٤ی تەمموز لە هەمان ساڵدا لەم پۆستەدا ماوەتەوە، دوای ئەم کاتەش لەسەر کاری پزیشکی بەردەوام بووە وەک مامۆستا لە کۆلێژی پزیشیکی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی جمهوری لەسەر داوای خۆی خانەنشین بووە، و لە ساڵی ١٩٨٠ لە شاری بەغداد کۆچی دوایی کردووە. صبحی یەعقوبی کوڕی عبدالمجید یەعقوبی دەرچووی کۆلێژی یاسا بووە، چەندین پلەوپایەی کارگێڕیی جیاجیای وەرگرتووە، دواتریش و لە ناوەڕاستی شەستەکاندا بووە بە جێگری پارێزگای بەغداد، لە ساڵی ٢٠٠٥ لە شاری بەغداد کۆچی دوایی کردووە (الیعقوبی،٢٠٢٠/١١/١٨)، عبدالمجید یعقوبی دوو کچیشی هەبووە بە ناوەکانی (ئەنیسە، مەدیحە) (الیعقوبی، ٢٠٢٠/١١/٢٠).

٤- خاوەنی ژمارەیەک مندالْ بووە لەوانە: (کمال یعقوبی) کە هەڵبژێردراوی کەرکوک بووە لە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ساڵی ١٩٤٧، ١٩٥٣، حوزەیرانی ١٩٥٤، ئەیلولی ١٩٥٤، لە ساڵی ١٩٦٥ لە شاری بەغداد کۆچی دوایی کردووە، (جودت) بەڕێوبەری گشتیی بانکی ناوەندی عێراق بووە، (فکرەت) پارێزەر، (نجدت)، (حشمت)، (عزت) و (رفعت) (بصری، ١٩٩٧، ٦٦-٦٧؛ یعقوبی،٢٠٢٠/١١/٢٠).

٥- (خواجە ئەفەندی) پەروەردەکارێکی بەناوبانگی شاری سلێمانی بووە، ماڵەکەی وەک قوتابخانەیەک بووە بۆ فێرخوازان.

٦- فاضل عباس المهداوی: ساڵی ١٩١٥ لە شاری بەغداد هاتۆتە دونیاوە، دەرچووی کۆلێژی سەربازی ساڵی ١٩٣٩یە، سەرەتا لە یەکەی دووەم لە بەغداد دامەزراوە، لە دوای شۆرشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ پلەی (ئامیر لیوای یەکەمی)ی پێ بەخشراوە، دواتر بە سەرۆکی دادگای سەربازیی باڵای تایبەت هەڵبژێردراوە، لە ساڵی ١٩٦٣ لەسێدارەدراوە. (محمود فهمی درویش وأخرون، دلیل الجمهوریة العراقیة ١٩٦٠، مطبعة التمدن، بغداد، ١٩٦١).

٧- مەلا ئەبوبەکر کوڕی مەلا عومەری کوڕی مەلا ئەبوبەکر ئەفەندی ئەربیلی-یە، لە ساڵی ١٨٦٣ لە هەولێر لەدایکبووە و ساڵی ١٩٤٢ کۆچی دوایی کردووە. جگە لەوەی مەلا بووە شارەزابووە لە زانستی فەلەک و جگە لە زمانی کوردی زمانەکانی فارسی، تورکی و عەرەبی بە باشی زانیوە (اسماعیل، ١٩٨٤، ٣٢).

٨- کاتێک گەڕیدەیەکی ئینگلیز لە ٢٧-٤-١٩١٠، لە کەرکوکەوە بەرەو هەولێر بە پردێ (ئالتون کۆپری) تێدەپەڕێت. وەسفی (ئەحمەد پاشای کوڕی حەسەن پاشای) دزەیی دەکات کە لە لایەن عوسمانییەکانەوە بە بەرپرسی ڕەسمی بەسەر دزەییەکانەوە ناسێنراوە، ئەگەرچی گوتراوە کە دزەییەکان هیچ سەرۆک عەشیرەتێکیان نەبووە لەو کاتەدا. ماڵی لەسەر گردێکی

گوندێک بووە کە کەوتۆتە سەر ڕێگای کەرکوک-موسڵ، لە نێوان قوشتەبە-گوێڕ (لۆریمەر، ٢٠٢٠، ٩٠). کەواتە عوسمانییەکان کۆمەڵێک بەرژەوەندی و ئیمتیازاتیان بە ناوبراو لە ساڵانی پێش هەلگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم بەخشیوە، بۆیە هەوڵی گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی تورکی داوە.

٩- (عبدالعزیز قصاب ١٨٨٢-١٩٦٥) خەڵکی بەغدایە، چەند پۆستێکی ئیداری لە هەردوو سەردەمی عوسمانی و مەلەکی لە عێراق وەرگرتووە، لەوانە لە ساڵی ١٩٠٥ دەبێتە مودەریسی ئامادەییەک لە بەغدا، دەبێتە قایمەقامی چەند قەزایەک ١٩٠٧ سامەرا، ١٩٠٩ سەماوە، ١٩١٠ سویرە، ١٩١٦ هندیە، زێبار`١٩١٧. لە سەردەمی عوسمانیش چەند پۆستێکی جیاوازی وەرگرت لەوانە موتەسەڕیفی موسل ١٩٢٤-١٩٢٦ (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە القصاب، ٢٠٠٧).

١٠-یەکێک بوو لە سەرکردەکانی شۆرشی بارزان لە نێوان ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥. لە ٨-٨-١٩٤٥ لە ناو پۆلیسخانەی لە لایەن پۆلیسەکانی ئەو مەخفەرە بە ڕاسپاردەی موتەسەڕیف سەعید قەزاز مێرگەسۆر شەهید کراوە (بارزانی، بەرگی یەکەم ١٩٣١-١٩٥٨، ٢٠٢٠، ١٤٩).

## سەرچاوە بڵاونەکراوەکان


### دار الكتب والوثائق العراقية

- دار الكتب والوثائق العراقية. (٦-٨-١٩٣٨)، البلاط الملكي/ الخزينة الخاصة، 475/313، الرقم، ١٠٨٩.

- دار الكتب والوثائق العراقية، داخلية-ديوان، 32050/480، السجون في لواء أربيل ١٩٢١-١٩٢٥، Copy of memo No. 1638/15 dated 15th August 1925, from the director General of the Civil Jails, to the Ministry of Interior, Baghdad.

- دار الكتب والوثائق العراقية، داخلية-ديوان، 32050/480، السجون في لواء أربيل ١٩٢١-١٩٢٥، العدد ٥٠٧/٢٢، دائيرة المدير العام للسجون، بغداد ١٢مارت [١٩٢٥]، إلى مأمور سجن أربيل.

- دار الكتب والوثائق العراقية. (٩-٧-١٩٣٨)، رقم التصنيف 7352/32050، المصدر: الداخلية الديوان، تقرير التفتيش الإداري مركز لواء أربيل ١٩٣٨، المعارف.

- دار الكتب والوثائق العراقية. (المؤرخ ١٧ شباط ١٩٢٥)، صورة كتاب مأمور سجن أربيل المرقم ٨٢/ ٦، داخلية-ديوان، 32050/480، السجون في لواء أربيل ١٩٢١-١٩٢٥.

- دار الكتب والوثائق العراقية. (٣-٦-١٩٣٥)، وزارة الداخلية، رقم الملفة، 8242, رقم التصنيف، 32050، الوحدات الأدارية لواء أربيل ١٩٣٢-١٩٣٦، أحداث قضاء في مركز اللواء، العدد ٤٧٩٤، أربيل، أحمد توفيق، متصرف لواء أربيل.

- دار الكتب والوثائق العراقية، وزارة الداخلية، رقم الملفة، ,8242 رقم التصنيف، 32050، الوحدات الأدارية لواء أربيل ١٩٣٢-١٩٣٦، وكيل رئيس الهيئة التفتيشية للمنطقة الأولى.

- دار الكتب والوثائق العراقية، Civil Hospital Arbil, Dr. F. Ridge Jones, No CD/550, Feb. 17th 1924, Report on the death of Majed Ibn Hamid Beg داخلية-ديوان، 32050/480، السجون في لواء أربيل ١٩٢١-١٩٢٥.

## سەرچاوە بڵاوکراوەکان

### پەرتوک، بە زمانی کوردی و وەرگێڕدراو بۆ کوردی:

- اسماعيل، زوبێر بيلال (١٩٨٤)، علماء والمدارس في أربيل، (من التراث الثقافي الكردي)، مطبعة الزهراء، الموصل.

- بارزانی، مسعود (٢٠٢٠)، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی یەکەم ١٩٣١-١٩٥٨.

- بەسری، میر (٢٠٠٩)، ناودارانی کورد، وەرگێرانی: عەبدولخالق عەلائەدین، چاپی دووەم، هەولێر.

- بەیاتی، عبدولڕەحمان (٢٠١٦)، سەعید قەزاز ڕۆڵی لە سیاسەتی عێراقدا، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، شەریف، عومەر عەلی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

- بورزوویی، موجتەبا (٢٠٠٥)، بارودۆخی سیاسی کوردستان (1880-1946)، وەرگێڕانی لە فارسی یەوە، ناناز محەممەد عەبدولقادر و ئەوانی تر، هەولێر.

- بێخالی، مەولود قادر (١٩٩٧)، هەولێرم وادیوەە..بیستوە، بەرگی دووەم، هەولێر.

- جیاووک، مەعروف (٢٠٠٨)، کارەساتی بارزان ی زوڵملێکراو ١٩٥٤، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر.

- ساڵح، ئازاد عوبێد (٢٠١١)، سەرجەمی بەرهەمی مەعروف جیاووک، سلێمانی.

- ساڵح، رفیق (٢٠٠١) گۆڤاری دیاری کوردستان (١٩٢٥-١٩٢٦)، لێکۆڵینەوە: نەوشێروان مستەفا ئەمین، سدیق سالح، سلێمانی.

- عەبدولقادر، نەهرۆ محەمەد (٢٠١٢)، هەولێر لە نێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩٢٦)دا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- قادر، مهدی محمد (٢٠١٣)، هەولێر لە ساڵانی ١٩٢٦-١٩٣٩، هەولێر.

- قادر، مەهدی محەمەد (٢٠٠٨)، هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩٣٠، هەولێر.

- لۆریمەر، جۆن گۆردن (٢٠٢٠)، سەفەرنامەی جۆن گۆردن لۆریمەر بۆ باشوری کوردستان نیسان و مایسی ١٩١٠، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، ڕەوەند سەباح، تاران.

- ناکام، سعید (٢٠٠٣)، بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

- هاوار، محمد رسول (١٩٩٠)، شێخ محمودی قارەمان و دەولەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی یەکەم، لندن.

**ئینسکلۆپیدیا**

- هەمزە، مەسعود مەلا (٢٠٠٩)، یەکەمین قوتابخانەی کچان لە هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی یەکەم.

**گۆڤار و ڕۆژنامەکان**

- شارەزا، کەریم. (٢٠١٤)، ئەفسەری سەرکردەو کارگێر و رۆژنامەنووسی کورد ساڵح زەکی بەگی صاحێبقران ١٨٨٦-١٩٤٤، قامووسی ناوە نەمرەکان، بەرگی یەکەم، ئامادەکردنی مومتاز حەیدەری و ئەوانی تر، هەولێر.

**چاوپێکەوتنەکان**

- چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتی کۆنی شاری هەولێر. (١٤-٤-٢٠٢١)، حاجی سلێمان کاک احمد خیاط، هەولێر.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ (ایسل شامل الیعقوبی). (٢٠٢٠/١١/٢٠)، هەولێر.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ (محمود ئەحمەد عوسمان). (٢٠٢٠/١١/١٠)، هەولێر.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ (منعم جودت الیعقوبی). (٢٠٢٠/١١/١٨)، هەولێر.

**به زمانی عەرەبی**


- بابان، جمال. (٢٠١٢)، اعلام الكورد، اعلام الكرد، جزء الاول، دار ئاراس للطباع، والنشر، اربيل.

- بابان، جمال. (٢٠٠٦)، اعلام كرد العراق، سليمانية.

- باشا، سندرسن. (١٩٨٢)، مذكرات سندرسن باشا طبيب العائلة الملكية في العراق ١٩١٨ – ١٩٤٦، ترجمة سليم طه التكريتي، الطبعة الثانية، مكتبة اليقظة العربية، بغداد.

- البراک، فاضل، مصطفى البارزاني الأسطورة والحقيقة، بغداد-١٩٨٩.

- بصرى، مير. (١٩٩٧)، اعلام التركمان والادب التركي في العراق الحديث، طبعة الأول، دار الوارق للنشر، لندن.

- الحسنى، عبد الرزاق. (١٩٦٨)، تاريخ الوزارات العراقية، جزء (٨)، مطبعة العرفان، صيدا، لبنان.

- درويش، محمود فهمى وآخرون (١٩٦١)، دليل الجمهورية العراقية ١٩٦٠، مطبعة التمدن، بغداد.

- سردشتى، ياسين خاليد. (١٩٩٩)، صفحات من تاريخ آثوري كوردستان ابان الحرب العالمية الأولى / تحقيق تاريخي حول اغتيال الزعيم اللآثوري بنيامين مارشمعون من خلال النصوص التاريخية، دهوک.

- الطالب، عمر محمود. (٢٠٠٨)، أعلام الموصل في القرن العشرين، جامعة الموصل، مركز دراسات الموصل.

- عارف، فؤاد. (٢٠٠٩)، مذكرات، تقديم و تعليق كمال مظهر أحمد، أربيل.

- عبدالرحمن البياتي. (٢٠٠١)، سعيد قزاز ودوره في سياسة العراق حتى عام ١٩٥٩، المؤسسة العربية للدراسة والنشر، بيروت.

- عثمان، محمود أحمد. (٢٠١٢)، مصابيح و ظلمات، الطبعة الثالثة، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت.

- الكردى، محمد على الصويركى. (٢٠٠٨)، الموسوعة الكبرى لمشاهير الكرد عبر التاريخ، المجلد الاول، الدار العربية للموسوعات، بيروت، لبنان.

- محكمة الشعب. (١٩٥٩)، جزء (١٠)، مطبعة الحكومة، بغداد.

- ويلسن، السر آرنولد. (١٩٧١)، الثورة العراقية، ترجمة جعفر الخياط، الطبعة الأولى، دار الرافدين، بغداد.

- القصاب، عبدالعزيز. (٢٠٠٧)، مذكرات عبدالعزيز القصاب، بيروت، المؤسسة العربية للدراسات و النشر.

**جرائيد و المجلات**

- جريدة الاستقلال. (٢١/ايلول،١٩٥٩)، العدد، (٢٤٨).

- الشجيري، عدنان هرير جودة. (٢٠١٩)، الأوضاع الادارية في كربلاء (١٩٢٠-١٩٥٨)، مجلة كلية التربية، العدد الثاني، بغداد.

**به زمانی ئینگلیزی**

- Unpublished secret records of the National archives

- The National Archives, FO 371/4192 Precis of affairs in southern Kurdistan during the Great War.
- The National Archives, FO 371/6348 proceeding of the council of ministers. (31st December, 1920), intelligence report, office of high Baghdad.
- The National Archives, FO 377/7771, high commissioner Baghdad. (27, July -1922), Kurdistan.

## English Books

- Edmonds, G.J, Kurds. (1957), Turks and Arabs Politics, Travel and Research in North-Eastern Iraq 1919-1925, London.
- Gertrude. Miss Bell. (2004), The Letters of Gertrude Bell volume 2, 1927, "A project Gutenberg of Australia eBook", dated first posted: September. http://gutenberg.net.au/ebooks04/0400461h.html#ch21, Last accessed, 15-02-2021.
- Hamilton, A. M. (2010), Road through Kurdistan, London.
- Hay, W. R. (1921), Two years in Kurdistan Experiences of a Political Officer 1918, 1920, London.
- League of Nations. (1925), Question of the frontier between Turkey and Iraq: Report submitted to the council by the commission instituted by the council Resolution of September 30, 1924, Geneva: League of Nations: C.400., VII.no. 147.

- Longrigg, Stephen Hemsley. (1956), Iraq, 1900 to 1950, A political, social, and economic history, London.
- lyon, Wallace. (2002), Kurds, Arabs and Britons, London.
- Wilson, Arnold T. ( 1930) , Loyalties Mesopotamia 1914-1917 A Personal and Historical Record, London.
- Iraq administration reports 1914-1932. (1992), vol 7, Oxford.
- Shields, Sarah. (2009), Mosul, the Ottoman legacy and the League of Nations, International Journal of Contemporary Iraqi Studies, University of North Carolina at Chapel Hill, Volume 3, Number 2.

**ماڵپەڕەکان**

- . ابراهيم عبدالحسن، من تاريخ الناصرية، ٢٠١٥، ملاحق المدى، www.almadasupplements.com .(Last accessed 10-12-2020)
- . رافع عبدالجبار نوشي، متصرفو لواء العمارة منذ تأسيس الدولة العراقية (الملكية) عام ١٩٢١ وحتى ١٩٦٨م، mazinaliraqi.ahlamon2anq.com. (Last accessed 15-01-2021)
- . ياسين الحديدى، اسماء المتصرفين والمحافظين في كركوك منذ سنة ١٩٢٢-٢٠١٩، algardenia.com
- هذا اليوم في التاريخ، الموصل برس الثقافية.(Last accessed 10-03-2021 https://web. MosulMPC/posts)

**Abstract**

**Erbil Mutasarif (governors) and their policies in political situations and role in construction between 1923-1945**

The British Army were able to occupy Erbil on 10-11-1918, ten days after signing the Mondros -ceasefire, between The Ottoman Empire and the Great Britain. They formed a local administration in Erbil under the previous Mayor (Ahmed Usman), who had acted as a (local governor or vice Mutasarif), namely belonged to the (Fatah Pasha) Kirkuk's Mutasarif, until 1923.

After this transition period, Iraqi Monarch issued an official order that recognized (Ahmad Usman) as official governor of Erbil, continued his task till 1927. Erbil Mutasarif (governors) who were 11 people, except First Mutasarif (governor) the rest of them came from outside of Erbil such as Kirkuk, Mosul, and Sulaimaniya, the period the governing of some of them less than two weeks. The period which is dedicated to this topic, the set of significant changes took place either political situation or developing construction. These Mutasarif (governors) played major role in those events, which affected Erbil and its countryside positively and negatively. These events were can be classified such as: visiting a Kurdish revolver (Smko Shikak 1887-1930) in 1922, a Turkish Officer (Euzdemir) to Rawanduz district in 1922 who made chaos to the region, first king of Iraq (Faisal bin Hussein 1883-1933) in 1924 who reclaimed to annex Southern Kurdistan to Iraq, and the delegation of League of Nations in 1925 to listen people in order to make the decision about disputed area (Mosul Vilayet-Southern Kurdistan) either to be part of Iraq or Turkey. Furthermore, Barazan rebellions in thirteenth and fourteenth of the last century. In terms of construction, Erbil had been changed from a town by the end the Ottoman Empire to a middle city by the end

of the Second World War, which is dedicated to this research. As a result of many construction projects in different fields took place, such as building schools, hospitals, and constructing Hamilton Road.

**الملخص باللغة العربية**

**متصرفوا أربيل ودورهم في الأحداث السياسية والأعمال العمرانية بين السنوات ١٩٢٣_١٩٤٥**

بعد انتهاء الحرب العالمية الأولى، دخل البريطانيون أربيل في ١٠-١١-١٩١٨ بعد هدنة مودروس بين الدولة العثمانية وبريطانيا في ٣١-١٠-١٩١٨. شكل المحتلون إدارة جديدة ومختلفة في العهد العثماني في أربيل برئاسة رئيس بلدية المدينة قبل الاحتلال (أحمد عثمان)، من مواليد أربيل ١٨٧٩-١٩٤٦، وسموا الإدارة باسم (نائب متصرفية أربيل) تابعا لمتصرفية كركوك اسميا إلى سنة ١٩٢٣.

بعد ذلك صدروا المرسوم الملكي رسميا بتشكيل متصرفية أربيل ونصبوا (أحمد عثمان) كأول متصرف لها، ودام ولايته إلى سنة ١٩٢٧. وبعد (أحمد عثمان) نصبوا عشرة متصرفين للمدينة إلى سنة ١٩٤٥ ودامت فترة ولاية بعضهم أقل من أسبوعين، وكلهم جاءوا من خارج أربيل وأغلبهم كانوا من كل من كركوك، الموصل، والسليمانية. ففي الفترة المخصصة للبحث حدثت أحداث مهمة وجادة التي أثرت على المدينة سلبيا أو إجابيا، فعلى سبيل المثال: زيارة الثائر الكردي (سمكو الشكاك) في أواخر سنة ١٩٢٢، وكذلك زيارة أول ملك عراقي (فيصل بن حسين) في ١٩٢٤، وزيارة وفد جمعية الامم في ١٩٢٥ للاستماع إلى أهل المدينة، ثم قرروا بإلصاق ولاية الموصل (جنوب كوردستان) بالعراق العربي. ومنها انتفاضات منطقة بارزان في الثلاثينات والأربعينيات في القرن العشرين. كان لمتصرفي أربيل دورا فعالا سواء كان سلبيا أو اجابيا في هذه الاحداث المذكورة وغيرها.